تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5959) ساڵی شەشەم 23ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەحمەد سەفار: حکوومەتی عێراق بۆ مووچەی دوو مانگ قەرز دەکات

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار رایگەیاند حکوومەتی عێراق پاکێجی چاکسازی دارایی ئامادە کردووە کە خۆی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان دەبینێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز بەڕێوە دەچێت

بڕیارە سبەی چوارشەمە پەرلەمانی عێراق دانیشتنی ئاسایی خۆی بەمەبەستی دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی دیاریی ئەنجامبدات و بۆ ئەو مەبەستەش بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان کراوە رۆژی چوارشەمە 2020/6/24 کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان بەڕێوە دەچێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ئەمڕۆ شاندی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا دەکات

دوێنێ دووشەمە 2020/6/22 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە دانوستانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی کرد، لە لە کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی شاندی دانوستان بەشداربوون.
گفتوگۆ دەربارەی دەرئەنجامی دانوستان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستوور کرا بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ڕێککەوتن بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها بڕیار درا ئەمڕۆ سێشەمە شاندی بااڵی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا بکات و گفتوگۆکانی دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەپاندنی پارێزگار بەسەر کەرکووک یەکجار دۆخی کەرکووکی تێکداوە

شاخەوان عەبدوڵڵا: پارتی بە پەرۆشە بۆ چارەسەری دۆخی کەرکووک



ئەندامی لێژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵڵا باس لەو ململانی و ناسەقامگیرییە دەکات کە ئێستا لە کەرکووک هەیە، بە تایبەتی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 دۆخی سەقامگیری ئەو ناوچەیە یەکجار خراپ بووە و چەکدارانی داعش سەریانهەڵداوەتەوە، هێزە ئەمنییەکانیش ناتوانن بەرگری لە خێزان و هاووڵاتیان بکەن، شاخەوان عەبدوڵڵا کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات لە چوارچێوەی ئەو لێژنەیەی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دروستکراوە، بە گوتەی ئەو، هەوڵی لێژنەکە نەهێشتنی تیرۆرە لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی سەقامگیری سیاسی و ئیداری و بۆ ئەو پارێزگایە، هاوکات باس لە چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە کەرکووک دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لە مانگەکانی داهاتوو یاسای چاکسازی جێبەجێ دەکرێت

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە مانگەکانی داهاتوودا یاسای چاکسازی جیبەجێدەکرێت و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر بەدیهێنانی دادپەروەری دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بڕیاری تایبەت بە مووچە بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران دەرکرا

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئاشکرای کرد کە بڕیاری تایبەت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک:

تیرۆریستانی داعش بە ئاشکرا مۆڵگەیان داناوەتەوە

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایگەیاند جموجۆڵەکانی تیرۆرستانی داعش لە سنوورەکە زیادیان کردووە و بە ئاشکرا مۆڵگەیان داناوەتەوە و هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش توانای ئەوەیان نییە خەڵک و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بازگەکان بۆ هەموو کەس دەکرێت

بەگوتەی "دکتۆر ئەحمەد قادر پاڵانی" بەڕێوەبەری تەندروستی دەشتی هەولێر، تیمەکانیان لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لە هەردوو (بازگەی شێراوە و دێگەڵە) زیاتر لە (6000) نموونەی پشکنینی پەتای کۆرۆنایان وەرگرتووە و لەسەر ڕاسپاردەی (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر)لە ڕۆژی 20/ 4بڕیاردرا کە پشکنین بۆ هەموو ئەو هاوواڵتیانە بکرێت کە بەڵگەی ڕێپێدراوی (وەزارەتی ناوخۆ)یان هەیە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



واشنتۆن پۆست: نەخۆشخانەکانی عێراق بوونەتە مۆڵگەی بااڵوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و گرفتانەی ماوەی چەند ساڵێکە بەرۆکی عێراقی گرتۆتەوە، ئەمجارە کارەساتی پەتای کۆرۆناشی هاتە سەرو بەشێوەیەکی بەرفراوان نەک هەر لەنێو خەڵک بەڵکو لە نێو کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش لەبااڵوبوونەوە دایە، بەجۆرێک بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکانی لە جیاتی ئەوەی ببنە شوێنێک بۆ چارەسەکردنی تووشبووانی فایرۆسی کۆرۆنا، بوونەتە مۆڵگەیەک بااڵوبوونەوەی نەخۆشییەکە بۆ خەڵک و هامشۆکارانی نەخۆشخانەکان بەتایبەتیش لە نێوان ئەو کارمەندو پەرستیارو دکتۆرانەی سەرپەرشتی نەخۆشخانەکان دەکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



21ی حوزەیران.. هەڵگەڕانەوەی هاوین

21ی حوزەیران کە بەپێی ساڵنامەی کوردی یەکەم ڕۆژی وەرزی هاوینە لە ئەمساڵدا هاوکات بوو لەگەڵ دیاردەی خۆرگیران و بەپێی بۆچوونی پسپۆرێکی بواری جیولۆجیا ئەمە ڕووداوێکی سروشتیی دەگمەنە و کاریگەریشی لەسەر ڕەوشی کەشوهەوا دەبێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی دەکات

ئامادەین بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی و جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی خۆمان بەرانبەر بە دابینکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکانمان

چارەسەرکردنی کێشەکان لە بەرژەوەندی سەرجەم هاوواڵاتییانی عێراقدایە





دوێنێ دووشەممە 2020/6/22 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ئەندامانی شاندی دانوستان بەشداربوون، گفتوگۆ دەربارەی دەرئەنجامی دانوستان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستوور کرا بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ڕێککەوتن بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوەش کردەوە کە ئێمە ئامادەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی و جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی خۆمان بەرانبەر بە دابینکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکانمان بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێکی گشتگیر کە تێیدا ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی هەر لایەک دیار بێت و جێی ڕەزامەندی هەردوولا بێت. ئاماژەشی بەوەدا کە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا لە بەرژەوەندی سەرجەم هاوواڵاتییانی عێراقدایە و فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ هێنانەدی سەقامگیریی لە ناوچەکەدا. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا شاندی بااڵی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی حکوومەت ڕۆژی سێشەممە 2020/6/23 سەردانی بەغدا بکات.

ئەحمەد سەفار: حکوومەتی عێراق بۆ مووچەی دوو مانگ قەرز دەکات



بڕیارەدەری لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار ڕایگەیاند حکوومەتی عێراق پاکێچی چاکسازی دارایی ئامادە کردووە کە خۆی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان دەبینێتەوە.

گوتیشی: بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە وەزیری دارایی سەبارەت بە ڕەوشی دارایی ئێستای عێراق، پێشکەشی کردووە بۆ پێدانی مووچەی دوو مانگ جگە لە وەرگرتنی قەرزی دەرەکی و ناوخۆ هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەم حکوومەتدا نییە. ناوبراو ڕاشیگەیاند لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران کار لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی دەرەکی بە بڕی پێنج ملیار دۆلار و قەرزی ناوخۆ بە بڕی 15 ملیار دینار دەکات، چونکە لەئێستادا ئەوە باشترین چارەسەرە بۆ پێدانی مووچەی دوو مانگ تا ئەو کاتەی پاکێچی چاکسازی دارایی لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەش دەکرێت و نرخی نەوتیش لە بازاڕەکاندا بەرز دەبێتەوە.

فوئاد حوسێن: گفتوگۆکان لەگەڵ ناتۆ سەبارەت بە کاری هاوبەش دژ بە داعش بەردەوام دەبێت



وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاند کە گفتوگۆکانیان لەگەڵ ناتۆ سەبارەت بە میکانیزمی کاری هاوبەش لە شەڕی دژ بە داعش، بەردەوام دەبێت.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە فوئاد حوسێن لەمیانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، جان ئیڤ لۆدریان ستایشی ڕۆڵی حکوومەتی فەرەنسای کردووە لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن بە گرنگی زانیوە کە پێکەوە کارکردن بۆ لەناوبردنی هەرەشەکانی داعش بەردەوام بێت و ڕایگەیاندووە: گفتوگۆکانمان لەگەڵ ناتۆ سەبارەت بە میکانیزمی کاری هاوبەش لە شەڕی دژبە داعش، بەردەوام دەبێت.

جان ئیڤ لۆدریان خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بە سازکردنی خولی یەکەمی گفتوگۆی ستراتیجیی لەنێوان بەغدا و واشنتۆن بە تایبەتیش دوورخستنەوەی عێراق لە گرژییەکانی ناوچەکە.

ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوەیش داوە کە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا باسی لە گرنگی پاڵپشتیکردنی عێراق لە ڕووی ئابووریییەوە کردووە ڕایگەیاندووە: گرنگە بڕیارەکانی کۆنگرەی کوێت پەیوەست بە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بناتنانەوەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی عێراق جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون، بەڵێنەکانیان لەوبارەوە جێبەجێ بکەن، جان ئیڤ لۆدریان ڕاشیگەیاندووە کە بەردەوام دەبن لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە سەرجەم بوارەکاندا بە عێراق بە تایبەتیش لە بواری ئابووریدا.

لە مانگەکانی داهاتوو یاسای چاکسازی جێبەجێ دەکرێت

شوان زراری: هەندێک حزب دەستیان داوەتە موزایەدەکردن و هەواڵی چەواشەکارانە لەبارەی کەمکردنەوەی مووچە بڵاو دەکەنەوە





ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە مانگەکانی داهاتوودا یاسای چاکسازی جیبەجێدەکرێت و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر بەدیهێنانی دادپەروەری دەبێت.

شوان زراری، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە نووسینێکدا کە لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە: بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانێتیی وڵاتانی جیهان، هەمیشە ئەو کەسە سەرکەوتووانەی حوکمی وڵاتەکانیان کردووە، دووچاری لێشاوێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی قورسی نەیارەکانیان بوونەتەوە. ڕوونیشی کردەوە کە دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی یەکشەممەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەربارەی دەرئەنجامی دانوستان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستوور کرا بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ڕێککەوتن بە ئاراستەی دابینکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

چەند بڕیارێکی گرنگ دران کە ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە چیتر مووچەی فەرمانبەران دوانەکەوێت و لەو بڕە داهاتەی لەژێر دەستە مووچە دابەش بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە کورتهێنانی تێدا هەبووە، دوای گفتوگۆیەکی درێژ، هەمووان لەسەر بڕیارەکە کۆکبوون کە دواتر بڕیاری کۆتایی مووچەی پلە باڵاکان و هەر ستێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتاران و سەرجەم خانەنیشینی ئەو چینانە بە ڕێژەی ??50کەم بکرێتەوە.

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان ئاشکراشی کرد کە هەندێک حزب دەستیان داوەتە موزایەدەکردن و هەواڵی چەواشەکارانە بڵاو دەکەنەوە، وەک دەبینین کە خەریکە بابەتەکە بە لاڕێدا دەبردرێت و چەواشە دەکرێت لە لایەن هەندێک لایەنی سیاسی و پەرلەمانتاران وەک پێشەی هەمیشەییان دەستیان داوەتەوە کارە قێزەونەکەیان، بۆیە لێرەدا دەیڵێم، لەوە دڵنیا بن ئەو کەسانە لە خەمی میللەت و فەرمانبەراندا نین، بەڵکوو لە خەمی مووچەکەی خۆیانن، چونکە ئەم بڕیارەی دراوە گەورەترین زەربر لە گیرفانی ئەوان دەدات، نیوەی مووچەکانیان لێ کەم دەکرێتەوە، بۆیە ئەو بڕیارەی دراوە تەنیا لە قازانجی چینی مووچەخۆری ئاسایی حکوومەتە.

لەکۆتاییشدا ئەو زانیارییانەی دووپات کردووەتەوە کە باس لەوە دەکەن، بڕیارەکەی تایبەت بە مووچە تەنیا بۆ ئەم مانگە دەبێت و بۆ مانگەکانی داهاتوو یاسای چاکسازی دەچێتە باری جێبەجێکردنەوە کە دڵنیا بن کاریگەریی زۆی دەبێت لە نەهێشتنی نادادپەروەری و کەمکردنەوەی خەرجی و زیاترکردنی داهات. بۆیە هیچ پێویست ناکات ڕاستییەکان بگۆڕن و هەواڵی درۆ و چەواشەکارانە بڵاو بکەنەوە، تەنها چاوەڕوان بن.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان:

بڕیاری تایبەت بە مووچە بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران دەرکرا



وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئاشکرای کرد کە بڕیاری تایبەت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دراوە.

ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەکەی 21ی حوزەیرانی 2020ی ئەنجوومەنی وەزیران، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە، بڕیار دراوە 21ی بودجەی وەزارەتەکان بۆ مووچە کەم بکرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی شایستەی دارایی هەر مووچەخۆرێک. ڕوونیشی کردەوە: لە ئەنجوومەنی وەزیران بە یەک تیم کار دەکەین و بڕیارەکان پێکەوە دەدەین.

www.xebat.net
ژمارە (5959) 2020/6/23 سێ شەممە

چەکدارکردنی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە کوردستانییەکان مەترسییەکی دیکە دروست دەکات

شاخەوان عەبدوڵڵا: پارتی بە پەرۆشە بۆ چارەسەری دۆخی کەرکووک

ئێستا توانای سەربازیی عێراق لەو ئاستەدا نییە بتوانێت رووبەڕووی دۆخەکە ببێتەوە

کورد هەزاران شەهید و بریندارى دا بۆ ئەوەی کەرکووک و خورماتوو و مەخموور نەکەون



ئا: خەبات: ئەندامی لێژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵڵا باس لەو ململانی و ناسەقامگیرییە دەکات کە ئێستا لە کەرکووک هەیە، بە تایبەتی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 دۆخی سەقامیگری ئەو ناوچەیە یەکجار خراپ بووە و چەکدارانی داعش سەریانهەڵداوەتەوە، هێزە ئەمنییەکانیش ناتوانن بەرگری لە خۆیان و هاوڵاتیان بکەن، شاخەوان عەبدوڵڵا کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات لە چوارچێوەی ئەو لێژنەیەی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دروستکراوە، بە گوتەی ئەو، هەوڵی لێژنەکە نەهێشتنی تیرۆرە لە رێگەی گەڕاندنەوەی سەقامگیری سیاسی و ئیداری و بۆ ئەو پارێزگایە، هاوکات باس لە چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە کەرکووک دەکات.

تێکچوونی دۆخی ئاسایشی کەرکووک

شاخەوان عەبدوڵڵا لە سەرەتای باسەکەدا وێرای ئاماژەدان بە دۆخی کەرکووک و قۆناغ بە قۆناغی پەرەسەندنی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکە، دەڵێت: دۆخی ئەمنی ناوچە داببڕاوەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە سێ قۆناغی جیاواز هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەویش، دوای رووخانی رژێم تا هاتنی داعش، قۆناغێک دوای هاتنی داعش تا ساڵی 2017 و قۆناغی سێیەم، قۆناغی دوای ساڵی 2017 بوو. وەک ئەوەی شاخەوان عەبدوڵڵا باسی دەکات، هەر کام لە قۆناغە جیاجیاکانی دۆخی ناوچەکە، گرووپ و لایەنی جۆراوجۆر زیانیان بە سەقامگیری کەرکووک گەیاندووە و دواجاریش سەپاندنی پارێزگار بە یەکجار دۆخی کەرکووکی تێکداوە و نیگەرانی خەڵکی شارەکەی لێکەوتووەتەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا هۆکاری تێکچوونی دۆخی ئەمنی کەرکووک لە ئێستادا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هەوێنی رێکخراوە تیرۆریستییەکان کە خەڵکی ناوچەی حەویجە و ڕەشاد و ریاز بوون، دەستیان بەسەر شارەکەداگرتووە و نموونەش بۆ قسەکەی دێنێتەوە کە هەر حەویجەییەک پاریزگارە، قایمقامە و بە دڵی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن و دەڵێت: دوای ڕیفراندۆم و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر، هێزێکی کوردی لەژێر گوشاری لایەنێکی ئیقلیمی بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی کەرکووک، رێککەوتنێکی وایان کرد کە کەرکووکیان لەژێر دەستی پێشمەرگە دەرهێنا و لە دوای ئەو بەروارەوە ڕەوشی ئەمنی کەرکووک بەرەو تێکچوون چوو.

ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووک بە هۆی خۆپیشاندانەکانی بەغدا تێکچوو

دۆخی کەرکووک دوای ئەو هەموو ئاڵۆزیانە، لە ئەگەری رێککەوتنێک، یەکەم لە نێوان هێزە کوردییەکان خۆیان و دوایی هەرێمی کوردستان و بەغدا نزیک بوو. شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت: لێژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک کە لە لایەن نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و خاتوو پلاسخار خۆی چاودێری دەکات، لای پارتی من و لای یەکێتی کاک خالید شوانی بەشدار بووین. زۆر لێژنەیەکی گەورە و سەرکەوتوو بوو، چونکە هەموو دۆسییەکانی ئیداری، ئەمنی و سەربازیی تاوتوێ دەکرد و جیا لەوەش لێژنەیەکی حکوومیش هەبوو کە هەردوو لیژنەکە پەیوەندیان هەبوو و هەموو رێککەوتنێک کرا و بڕیار بوو مانگی 9ی ئەیلوولی 2019 واژووی بکەین و حکوومەتی عێراق و هەرێمیش گەیشتنە رێککەوتن بۆ دروستکردنی هێزێکی هاوبەش لە کەرکووک بەڵام قەیران لە عێراق دروست بوو و عادل عەبدولمەهدی دەستیلەکارکێشایەوە و ستافی نووسینگەکەشی کە ئەندامبوون لە لێژنەکان نەمان، بۆیە رێککەتنەکە نەچووە بوای جێبەجێکردن و تا ئێستاش هەر ماوە.

بەپێی رێککەوتنەکە وەک شاخەوان عەبدوڵڵا باسی کرد، بڕیار دراوە کە بارەگای یەکگرتووەکان دەستپێکرد، بەپێی قسەکانی شاخەوان عەبدوڵڵا لە ئێستادا کە حکوومەتی کازمی دەستبەکار بووە و دۆخی ناوچەکەش زۆژ بە زۆژ بەرەو خراپبوون دەچێت، ئەگەری دەستپێکردنی کاری ئەو لێژنانە هەیە.

گۆڕینی راکان جبووری وەک پارێزگار لە دەسەلاتی کازمی دایە

دەستبەکاربوونی مستەفا کازمی، کە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە پشتیوانی خۆی بۆ خۆی و کابینەکەی راگەیاند، ئەو ئومێدەی لای کورد دروستکردووە کێشە و ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکرێت و مێزی دانوستان بکرێتە چەقی یەکلاکردنەوەی گرفتەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاخەوان عەبدوڵڵا بە گومانەوە سەیری دۆخەکە دەکات و دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی پێشتر کاتێک وەک لێژنەی ئاسایش و بەرگری کردووە، کاری لەگەڵ کازمی کردووە، سەرپەرشتی دەکرێت و خاتوو پلاسخار خۆی چاودێری دەکات، لای پارتی من و لای یەکێتی کاک خالید شوانی بەشدار بووین. زۆر لێژنەیەکی گەورە و سەرکەوتوو بوو، چونکە هەموو دۆسییەکانی ئیداری، ئەمنی و سەربازیی تاوتوێ دەکرد و جیا لەوەش لێژنەیەکی حکوومیش هەبوو کە هەردوو لیژنەکە پەیوەندیان هەبوو و هەموو رێککەوتنێک کرا و بڕیار بوو مانگی 9ی ئەیلوولی 2019 واژووی بکەین و حکوومەتی عێراق و هەرێمیش گەیشتنە رێککەوتن بۆ دروستکردنی هێزێکی هاوبەش لە کەرکووک بەڵام قەیران لە عێراق دروست بوو و عادل عەبدولمەهدی دەستیلەکارکێشایەوە و ستافی نووسینگەکەشی کە ئەندامبوون لە لێژنەکان نەمان، بۆیە رێککەتنەکە نەچووە بوای جێبەجێکردن و تا ئێستاش هەر ماوە.

بەپێی رێککەوتنەکە وەک شاخەوان عەبدوڵڵا باسی کرد، بڕیار دراوە کە بارەگای یەکگرتووەکان دەستپێکرد، بەپێی قسەکانی شاخەوان عەبدوڵڵا لە ئێستادا کە حکوومەتی کازمی دەستبەکار بووە و دۆخی ناوچەکەش زۆژ بە زۆژ بەرەو خراپبوون دەچێت، ئەگەری دەستپێکردنی کاری ئەو لێژنانە هەیە.

چەکدار کردنی هۆزەکان دژ بە داعش هەڵە بوو

سەرهەڵدانەوەی داعش، تەنیا گرفانەیەکی ئەمنی نییە، بەڵکو بەواقیع جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی لە هەندێک ناوچە، ئەو نیگەرانییەی لای هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە بەئاشکرا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان و سەرۆکوەزیران، لەبارەی دۆخی هەندێک ناوچەی عێراق بە تایبەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەنێوان بەغدا و هەولێر هێنایە دەنگ، وێرای هۆشداربدان لە پەرەسەندنی شارەکانی کەوتبوون و داعش تەنگی بە رژێمی سووریا هەڵچنی بوو. بۆیە گومانی ئەو هەبوو کە دەستێکی سیاسی داعشی هێنا بۆ عێراق بۆ ئەوەی ئەو گوشارانە لەسەر رژێمی سووریا نەمێنێت و داعش داخلی عێراق بوون.

بەگوتەی شاخەوان عەبدوڵڵا کە ئەو کات ئەندام بوو لە لێژنەی بەرگری و ئاسایش و ئەرکی لێکۆڵینەوە و نووسینی ڕاپۆرتی تایبەت بووە لەسەر کەوتنی مووسڵ کە دووەم گەورەشاری عێراقە و خەلافەتەکەی داعشی تیادا ڕاگەیەندرا، تەنیا 300 چەکداری داعش کە پێشتر چەند کەس گیراون یان کوژراوە و دەڵێت: سوپای عێراق بەر لە 16 ئۆکتۆبەر ئۆپەراسیۆنێکی لە ناوچەکانی حەویجە ئەنجام دا و بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئێمە وەک لێژنەی ئاسایش و بەرگری کە بەرزمان کردەوە بۆ فەرماندەی هێزەکان کە عەبادی بوو، حەویجە دوایین ناوچەی عێراق بوو کە لە داعش پاککرایەوە و چوار هەزار چەکداری تیادا بوو، بەڵام دوای ئۆپەراسیۆنەکە یەک داعش نە دەستگیر کرا و نە کوژرا. کەواتە ئەو داعشانە بۆ کوێ چوون؟ مانەوەی ئەو چەکدارانە و بوونی بۆشایی ئەمنی لەو ناوچانە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری ئەمنی.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی داعش

ئەو ئەندامەی پێشووی لێژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق باس لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەکات دوای ئەو هەموو پێشڕەوییەی کە چەکدارانی رێکخراوەکە کردبوویان و دەڵێت پڕۆژەیەکی ئەمەریکییەکان هەبوو کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و سوپاسی عێراقەوە بپارێزرێت، بڕیار درا کە لە کەرکووک بەشی باشوور و ڕۆژئاوای باشوور بکەوێتە دەست سوپای عێراق و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کەرکووکیش کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و تا 2014 ئەو دۆخە بەو شێوەیە بوو و تا ئەو کاتەی کە سوپای عێراق لە ناوچەکانی خۆی دارما و چۆلیان کرد و مەترسی هات و گەیشتە شەریکەی غازی کەرکووک کە تەقینەوەی یان دەست بەسەرداگرتنی کاریگەری لەسەر هەموو کوردستان و ناوچەکەش دەبوو. بۆیە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە بەپەلە ڕووبەڕووی داعش بوونەوە و ئەوە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بوو و لە مەخموورییش پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوویەوە و بەو شێوەیە پێشمەرگە بڕیاری دا کە ناوچەکانی خۆی بپارێزێت، بۆیە هەزاران شەهید و بریندارمان دا بۆ ئەوەی کەرکووک، خورماتوو، مەخموور نەکەوێت، بەڵام بە خۆیشی پێشمەرگە رزگار کرایەوە.

هۆکاری کشانەوی ئەمەریکا لە هەندێک ناوچەی عێراق

شاخەوان عەبدوڵڵا پەردە لەسەر هۆکاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەڵدەماڵێت و داوایەکی مایک پۆمپیۆ لە عادل عەبدولمەهدی ئاشکرا دەکات کە سەری نەگرتووە، بۆیە ئەمەریکییەکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزانە و چوونی بۆ ژێر رکێفی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان، ئەو بارەگایانەی خۆی نەدەگواستەوە و کەمی نەدەکردەوە و دواجار هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگری دەکرد و ئەوە دەبووە هۆی ئەو میلیشیایانەی ئەگەر لەناو سوپادابان، نەتوانن ئەجێندای بیانی جێبەجێ بکەن.

گوتیشی: یەکێک لە دۆسیە هەستیارەکان کە کازمی لەسەرێتی چارەسەری بکات، دۆسیەی حەشدی شەعبییە.

تا ئێستاش ئاسمانی عێراق و هەستانی F16 بە ئەمەریکییەکانە

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکانی کەرکووک وەک فاکتێکی سەرەکی بۆ والاکردنەوەی دەرگای جموجۆڵی داعش لە ناوچەکە سەیر دەکرێت و بەپێی قسەکانی ئەو ئەندامەی پێشووی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەمەریکییەکان بۆ پاراستنی بنکەکانی خۆیان چاودێری ناوچەکە دەکەن و ڕۆژانە دەڕچوونیان هەیە و کێومانڵی ناوچەکە دەکەن، بۆیە بوونی ئەوان خزمەت بە سەقامگیری لە ناوچەکە دەکات. ئاشکرایشی دەکات کە سەرەڕای ئەوە عێراق فڕۆکەی F16ی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستاش هەستانی ئەو فڕۆکانە لە دەسەلاتی ئەمریکییەکاندایە و ئاسمان بە دەستی ئەوانەوەیە. دەشڵێت: تا ئێستا توانای سەربازی عێراق لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو دۆخە ببێتەوە وەک ئەوەی ئەمریکییەکان لە توانایاندایە.

چەکدارکردنی هۆزەکان ئەزموونێکی شکستخواردووی عێراقە

چەکدارکردنی هۆزەکان کە حکوومەتی عێراق لە هەندێک ناوچەی ئەو وڵاتە وەک پلانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەکاری دەهێنێت، بە بۆچوونی شاخەوان عەبدوڵڵا تەسلیمبوونی عێراقە بەو ڕاستییەی کە لەو وڵاتە هەیە. ئەو پێیوایە کە لە نەبوونی سوپادا کە بەرگەی شەڕی تیرۆری نەگرتووە لە هەندێک ناوچەدا، چەکداری هۆزەکان دادەمەزرێنن کە شەڕ لەنێوان هۆزەکان و چەکدارانی تیرۆریست دروست بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە داعش هەر لەو خەڵکە و دیسان ئەزموونی سەحواتمان هەیە کە لە ئەنبار و کەرکووک دروستکران. سەحەوات بە ڕۆژ پیاوی دەڵێت و بە شەو پیاوی ئەلقاعیدە و گرووپە تیرۆریستییەکان بوون. ئێستا بەهەمان شێوە ئەو ئەزموونە دووبارە دەکرێتەوە. شاخەوان عەبدوڵڵا نەیشارەدەوە کە چەکدارکردنی ئەو هۆزە عەرەبانە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی دیکەیشی تیادایە، مەترسییەکی دیکەش دروست دەکات بۆ پێکدادان لە داهاتوودا.

هەستاندنی فڕۆکەی F16 لە عێراق لە دەسەڵاتی ئەمەریکییەکاندایە

سەرکردەکانی حەشد پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری تێکەڵکردنی حەشدی شەعبی بە وەزارەتی بەرگری



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا و سێ لایەنی زیانلێکەوتوو

ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا (2020)بۆ سەر پەکەکە لە باکوور و هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان یەکەمجار نییە و دواجاریش نابێت، هەتا ئەو کاتەی تورکیا و پەکەکە لەسەر مێزی دانوستاندن بەشێکی کێشەی نێوانیان چارەسەر نەکەن، ئەویش بە تێگەیشتنی نوێ و لەپێناو گەڕاندنەوەی ئاشتەوایی یان ڕەخساندنی زەمینەیەکی نوێ تا ئەو دوو لایەنە هێندە مۆڕە لە یەکدی نەکەن، هەر وەک بەردەوامیش هەرێمی کوردستان داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و باکووری کوردستانی لە ڕێگەی دیالۆگ کردووە.

هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی پەکەکە، هەر سێ لایەنی تورکیا و پەکەکە و هەرێمی کوردستانیش تێیدا زیانلێکەوتوو دەبن، تورکیا سەرباری دادەپینی ئابووریەکەی، ناچار دەبێت پارەیەکی زۆر لەمجۆرە ئۆپەراسیۆنانەدا خەرج بکات، ئەمە لەڕووی خەرجکردنی پارەوە، لەڕووی سیاسیشەوە زیانێکی گەورەتر دەکات و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناوبانگی تورکیا لە پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، دووبارە دەزێتەوە. ڕاستە ئێستا بەهۆی کۆرۆنا و سەرقاڵی وڵاتان بە ژیان و دۆخی ناڵەباری خۆیانەوە، ناپرژێنە سەر ئەوەی قسە لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنەی تورکیا بکەن، بەو مانایەش نا وەک دۆسیەی ئەرشیفکراو دواجار و لە پرسی دیکەدا لە دژی تورکیا بەکارنەهێندرێتەوە، واتە ئەو کەیسەی بۆ هەڵدەگرن تا ئەو کاتەی بە تورکیا دەڵێن، نایەوێت کێشەی کورد لە ڕێی دانوستاندن و ئاشتی چارەسەر بکات، جگە لە زیانی ئابووری و سیاسیش، تورکیا زیانی تری وەک ناسەقامیگیری ناوخۆیی دەکات و بەوەی کێشەیەکی تر بۆ خۆی دەخولقێنێت و بە ئاسانیش کاریگەربیە ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی ناسڕدرێتەوە.

ئەوەیشی پەیوەندی بە پەکەکەوە هەیە، زیانەکانی یەکجار زۆرترن لەچاو تورکیا، هەم زیانی ئابووری دەکات بەوەی زۆرترین کەلوپەل و بارەگە و حەشارگەی تێدا لەناودەچن و دووبارەش دەبێت دروستییان بکاتەوە یان جێلەق دەبن، وێڕای بریندارببوون و گیانلەدەستدانی گەریلاش هاوکات زیانێکی تری پەکەکە ئەوەیە پرسی ئاشتەوایی لەبار دەچێت کە بۆ پەکەکە یەکجار زۆر پێویستە، ئەگەر بۆ تورکیا جارێک پێویست بێت، بۆ پەکەکە دووجار پێویستترە، بەو مانایەی تورکیا دەوڵەتە و دەتوانێت ئیدارەی شەڕەکان بدات، بەڵام پەکەکە ناتوانێت و هەتا ئەو دۆخەش بەمجۆرە بەردەوام بێت، هیچ دەستکەوتێک لە شەڕدا بۆ پەکەکە مسۆگەر نابێت، جگە لەوەی بەهۆی ئەو شەڕانەوە کێشە بۆ هەدەپە و لایەنگرانیشی لەناوخۆی تورکیادا دروست دەکات. لەو لاشەوە هەرێمی کوردستانیش تۆمەتباری دەکات بەوەی شەڕی باکووری کوردستانی هێناوەتە سەر خاکی هەرێم و بەهۆیەوە زیان بە هاوڵاتیانی هەرێم گەیشتووە، چ گیانلەدەستدان یان بریندار بوون، هەروەها سووتان و کاولبوونی گوندەوارەکانی هەرێمی کوردستان، لەوەشدا پەکەکە ناتوانێت خۆی لەو واقیعە تاڵە بشارێتەوە، بەوپییەی خەباتی سیاسی و چەکداری پەکەکە لە باشووری کوردستان نییە، بەڵام بەهۆی بنکە و بارەگەکانی، زیانی زۆری لە باشووری کوردستان داوە، بە دیاریکراوی هاوڵاتییانی ناوچە سنووربییەکان پشکی زۆریان لەو زیانانە بەرکەوتووە.

هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی بەردەوام پەکەکەی لەوە ئاگادارکردووەتەوە شەڕەکان لەسەر خاکی هەرێم نەکات یان بنکە و بارەگەکانی چۆڵ بکات تا نەبنە پاساوی بۆردوومان و هێرشە بەردەوامەکانی سوپای تورکیا لەسەر خاکی کوردستان و لەناو گوندەواربیەکانی هەرێم، کەچی سوودی نەبووە، لەو نێوانەدا هەوڵیریش بێ زیان نابێت، لەلایەک هاوڵاتییانی هەرێم زیانمەند دەبن و ڕەخنەش لە هەوڵێر دەگرن، لە لایەکی ترەوە هەندێ حزبی سیاسیی هەرێمیش، ئەو کەیسە بۆ موزایەدەکردن بەسەر حکوومەت بەکاردەهێنن، بێئەوەی ڕەچاوی ئەو دۆخە تایبەتییەی هەرێمیش بکەن، کە لەنێوان تورکیا و پەکەکەدا، دەبێت یان لەگەڵ تورکیا بکەوێتە کێشە یان شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا بکات، لە هەردوو دۆخەکەشدا هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و هەرێم، نایەوێ لەگەڵ هیچ کامێکیاندا بکەوێتە کێشەوە، بەڵکوو داوا دەکات کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن و بۆ ئەوەش هەموو ئامادەییەکی دەربڕیوە، چونکە ناسەقامیگری ئەمنی لە ناوچە سنووربییەکان زیانی ئابووریشی بۆ هەرێم دەبێت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مامەڵەی ئابووری نێوان تورکیا و هەرێمەوە هەیە، خۆ ئەگەر لەگەڵ پەکەکەش بکەوێتە شەڕەوە، دیسانەوە تاکی کورد لە هەردوولایەنی پێشمەرگە و گەریلا شەهید دەبن و دوژمنانی کوردیش سوود لە ئاڵۆزییەکانی نێوان پێشمەرگە و گەریلا دەبینن، کەوایە حکوومەتی هەرێم بە هیچ شێوەیەک ئەو دۆخەی پێ خۆش نییە و وەک کەیسێکی یاسایی و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەخوازێت خاکی هەرێمی کوردستان نەبێتە قوربانی مەلمانێی هیچ لایەنێکی سیاسیی دەرەکی، ئینجا دیدێکی دیکەی هەوڵیریش ئەوەیە هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوای دیالۆگ دەکات.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک: تیرۆریستانی داعش بە ئاشکرا مۆڵگەیان داناوەتەوە



بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایگەیاند جموجۆڵەکانی تیرۆرستانی داعش لە سنوورەکە زیادیان کردووە و بە ئاشکرا مۆڵگەیان داناوەتەوە و هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش توانای ئەوەیان نییە خەڵک و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن.

ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەردە پرسی ئەمنیی پارێزگای کەرکووک، بە دۆخێکی ناسەقامیگردا تێدەپەڕێت و سەلمێنەری ئەو قسەیەشمان ئەوەیە کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا مستەفا کازمی سەردانی کەرکووکی کرد و بەشداری لە ئۆپەراسۆنێکی هێزە ئەمنییەکانی عێراقی کرد و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو هێزانە توانای ئەوەیان نییە خەڵکی ئەو ناوچەیە بپارێزن. لە کاتێکدا ئەمە کاری سەرۆک وەزیران نییە.

لەبارەی جموجۆڵەکانی تیرۆرستانی داعشیشەوە ڕایگەیاند: جموجۆڵەکانی تیرۆرستانی داعش لە سنووری کەرکووک زیادیان کردووە و جگە لە مەفرەزەی پارتیزانی، لە زۆر جێگەیتر مۆڵگەیان بە ڕەسمی داناوەتەوە و لە هەندێک شوێنی پارێزگای کەرکووک ویلایەتی پارێزگای کەرکووکیان داناوەتەوە و ئەمانە هەموو دەرخەری ئەوەن دۆخی شارەکە لە مەترسیدایە، پێشتریش ئاماژەمان پێ کردووە دەوروبەری شارەکە لە مەترسیدایە و ئەو مەترسیەش دەچێتە نێو شارەوە.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک دەشڵێت: لە سنووری دەرەوەی شاری کەرکووک لە ناوچەی داقووق و گوندەکانی "عەتشان" و لەوێشەوە بۆ سنووری "حەویجە، ڕەشاد، عەباس نیزام" کردەی تیرۆریستی لەم بەرەبەیانەدا زیاتر بووە و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ناوچەکە شکستیان بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هێناوە و لەئێستادا، پلانێکی تاکتیکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی ڕێکخراوەکە داناوە. مایلز کاگنیز بڵێت: ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام هەڕەشەی تیرۆریستی لێدەکرێت و ئەو هێزانەی کە ئەمنیەتی ئەو شوێنانە دابین دەکەن بەردەوام ئامانجی هێرشی تیرۆریستین.

بۆردومانەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئەنجامدراوە کە بەهۆیەوە، سێ حەشارگەکە خاپوورکران.

لای خۆیەوە گوتەبێژی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش، مایلز کاگنیز لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ناوچەکە شکستیان بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هێناوە و لەئێستادا، پلانێکی تاکتیکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی ڕێکخراوەکە داناوە. مایلز کاگنیز گوتیشی: لە کۆتاییدا، خاپوورکردنی حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لە شارو شارۆچکەکان لە ناوچەکە.

ناوبراو ئەوەیشی ڕوونکردەوە کە سەرجەم هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش لەماوەی ساڵێکی ڕابردوودا 1200 جار ئەنجامدراوە و 3 هەزار و 500 داعشی تێدا لەناوچوون.

هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی سێ حەشارگەی تیرۆریستانی داعشی لە باشووری کەرکووک خاپوورکرد

هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش بەڕایەرایەتی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق، سێ حەشارگەی تیرۆریستانی داعشیان لە باشووری پارێزگای کەرکووک خاپوورکردووە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش ڕایگەیاندووە کە فڕۆکە جەنگییەکانیان، سێ حەشارگەی تیرۆریستانی داعشیان لە ناوچەی دۆڵی چا باشووری پارێزگای کەرکووک، بۆردومانکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ماوەی هەفتەیەکی پێویستە، داوایان لێ دەکەن لە کارەکانیان بەردەم بن، بەمەش بەرکەوتن لەگەڵ هاوڵاتی دروست دەبێت، لەجیاتی چارەسەرکردنی کەسانی تووش بوو، نەخۆشییەکەیان بۆ دەگوازنەوە. تەنانەت لەو تاقیگایانەی کە پشکنین ئەنجام دەدەن، دەرکەوتوو کارمەندەکانیان تووشی قایرۆسەکە بوون.

عەبدولئەمیر موحسین سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی عێراق، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ واشنتۆن پۆست گوتوویەتی؛ ئەگەرچی هامشۆکارانی نەخۆشخانەکان بەتایبەتیش لە نێوان ئەو کارمەندو پەرستیارو دکتۆرانەی سەرپەرشتی نەخۆشخانەکان دەکەن. بە هۆی پەتاکە بە سەدەها پزیشک ڕووبەڕووی مردن بوونەتەوە ژیانی هەزارەها نەخۆشیش کەتۆتە مەترسییەوە.

لەمبارەوەیەوە کارمەندی نەخۆشخانەیەک بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە؛ ئەو پزیشکانەی نیشانەی کۆرۆنایان لێ بەدەر دەکەوێت، پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێ، بەڵام پێش دەرچوونی ئەنجامەکەی کە ماوەی هەفتەیەکی پێویستە، داوایان لێ دەکەن لە کارەکانیان بەردەم بن، بەمەش بەرکەوتن لەگەڵ هاوڵاتی دروست دەبێت، لەجیاتی چارەسەرکردنی کەسانی تووش بوو، نەخۆشییەکەیان بۆ دەگوازنەوە. تەنانەت لەو تاقیگایانەی کە پشکنین ئەنجام دەدەن، دەرکەوتوو کارمەندەکانیان تووشی قایرۆسەکە بوون.

عەبدولئەمیر موحسین سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی عێراق، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ واشنتۆن پۆست گوتوویەتی؛ ئەگەرچی نەخۆشخانەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی هاوڵاتیان کەوتوونەتە کار، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە نەخۆشخانەکان بوونەتە خاکێکی بە پیت بۆ بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکە. پزیشکان ناچار دەکرێن پێش دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکانیان دەست بەکار بکەنەوە. ئەو پزیشکانەش لە نێو هۆڵ و ژووری نووستن بەریەکەوتنیان دەبێت لەماوەی چەند هەفتەیەکدا کاریگەربیەکەی دەبینین، کە ئێستای ڕێژەی (83%)ی پزیشکان تووشی قایرۆسەکە بوونەو ژمارەیان بۆ (592) پزیشک بەرز بۆتەوە.

پزیشکەکان، گەلەییان لە کەمی و خراپی ئامرازەکانی خۆپارێزی وخراپی ژێرخانی تەندروستی بە گشتی هەیە، پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکەیە لە نێو پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەو تاقیگاکانی عێراق.

ئیبراهیم کە پزیشکێکە لە نەخۆشخانەی حوسەینییە لە شاری بەغدا نەیویستووە ناوی تەواوی ئاشکرا بکرێت، گوتوویەتی؛ ئێمە بە چەکی خراپ لەگەڵ پەتاکە لە جەنگ داین، بەدرێژایی ژیانم خەونم ئەوە بوو ببمە پزیشک، بەڵام ئێستا لێی پەشیمانم، ئاماژە بەوە دەکات کوڕە مامەکەی کە پزیشک بوو لە پارێزگای دیالە، لەبەر ئەوەی ئەمبۆلانسێک نەبوو بیگەیێنێتە نەخۆشخانەیەک بەهۆی پەتاکە گیانی لەدەست دا.

زینە ڕەبیعی کە کاری تەکنیکاری لە تاقیگای بەغدا دەکات، ئەویش قوربانی ئەو سیستەمە ناتەندروستەیەو دەڵێت؛ هەستم دەکرد جەستەم زۆر قورسە و بە زەحمەت جوڵەم پێدەکرا، باوکیشم تووشی تایەکی بەرز ببۆوە، پاش چەند ڕۆژێک دەرکەوت هەردووکمان تووشی قایرۆسی کۆرۆنا بووین، هۆکاری تووشبوونەکەشی بۆ کارکردن لە تاقیگاکە دەگێڕێتەوە خۆشی بەهۆکار دەزانێت بۆ تووشبوونی باوکی.

شایانی باسە تا ئێستا وەزارەتی تەندروستی عێراق ژمارەی تووشبوانی کارمەندانی پزیشکی ڕانەگەیاندووە، ئەوە نەبێت لە سۆشیال میدیادا بڵاوی کردەوە حەیدەر هاشم کە لە گەورەترین کۆمەڵگای پزیشکی لە بەغدا وەک پەرستیار کاری دەکرد بەهۆی قایرۆسەکە گیانی لەدەست داوە.

واشنتۆن پۆست: نەخۆشخانەکانی عێراق بوونەتە مۆڵگەی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا

سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی عێراق: لە ئێستادا نەخۆشخانەکانی عێراق بوونەتە خاکێکی بە پیت بۆ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا



و: خالید گەردی

سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و گرفتانەی ماوەی چەند ساڵێکە بەڕۆکی عێراقی گرتۆتەوە، ئەمجارە کارەساتی پەتای کۆرۆناشی هاتە سەرو بەشێوەیەکی بەرفراوان نەک هەر لەنێو خەڵک بەڵکو لە نێو کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش لەبڵاوبوونەوە دایە، بەجۆرێک بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکانی لە جیاتی ئەوەی ببنە شوێنێک بۆ چارەسەکردنی تووشبووانی فایرۆسی کۆرۆنا، بوونەتە مۆڵگەیەک بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بۆ خەڵک و هامشۆکارانی نەخۆشخانەکان بەتایبەتیش لە نێوان ئەو کارمەندو پەرستیارو دکتۆرانەی سەرپەرشتی نەخۆشخانەکان دەکەن. بە هۆی پەتاکە بە سەدەها پزیشک ڕووبەڕووی مردن بوونەتەوەو ژیانی هەزارەها نەخۆشیش کەتۆتە مەترسییەوە.

لەمبارەوەیەوە کارمەندی نەخۆشخانەیەک بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە؛ ئەو پزیشکانەی نیشانەی کۆرۆنایان لێ بەدەر دەکەوێت، پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێ، بەڵام پێش دەرچوونی ئەنجامەکەی کە ماوەی هەفتەیەکی پێویستە، داوایان لێ دەکەن لە کارەکانیان بەردەم بن، بەمەش بەرکەوتن لەگەڵ هاوڵاتی دروست دەبێت، لەجیاتی چارەسەرکردنی کەسانی تووش بوو، نەخۆشییەکەیان بۆ دەگوازنەوە. تەنانەت لەو تاقیگایانەی کە پشکنین ئەنجام دەدەن، دەرکەوتوو کارمەندەکانیان تووشی قایرۆسەکە بوون.

عەبدولئەمیر موحسین سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی عێراق، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ واشنتۆن پۆست گوتوویەتی؛ ئەگەرچی نەخۆشخانەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی هاوڵاتیان کەوتوونەتە کار، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە نەخۆشخانەکان بوونەتە خاکێکی بە پیت بۆ بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکە. پزیشکان ناچار دەکرێن پێش دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکانیان دەست بەکار بکەنەوە. ئەو پزیشکانەش لە نێو هۆڵ و ژووری نووستن بەریەکەوتنیان دەبێت لەماوەی چەند هەفتەیەکدا کاریگەربیەکەی دەبینین، کە ئێستای ڕێژەی (83%)ی پزیشکان تووشی قایرۆسەکە بوونەو ژمارەیان بۆ (592) پزیشک بەرز بۆتەوە.

پزیشکەکان، گەلەییان لە کەمی و خراپی ئامرازەکانی خۆپارێزی وخراپی ژێرخانی تەندروستی بە گشتی هەیە، پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکەیە لە نێو پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەو تاقیگاکانی عێراق.

ئیبراهیم کە پزیشکێکە لە نەخۆشخانەی حوسەینییە لە شاری بەغدا نەیویستووە ناوی تەواوی ئاشکرا بکرێت، گوتوویەتی؛ ئێمە بە چەکی خراپ لەگەڵ پەتاکە لە جەنگ داین، بەدرێژایی ژیانم خەونم ئەوە بوو ببمە پزیشک، بەڵام ئێستا لێی پەشیمانم، ئاماژە بەوە دەکات کوڕە مامەکەی کە پزیشک بوو لە پارێزگای دیالە، لەبەر ئەوەی ئەمبۆلانسێک نەبوو بیگەیێنێتە نەخۆشخانەیەک بەهۆی پەتاکە گیانی لەدەست دا.

زینە ڕەبیعی کە کاری تەکنیکاری لە تاقیگای بەغدا دەکات، ئەویش قوربانی ئەو سیستەمە ناتەندروستەیەو دەڵێت؛ هەستم دەکرد جەستەم زۆر قورسە و بە زەحمەت جوڵەم پێدەکرا، باوکیشم تووشی تایەکی بەرز ببۆوە، پاش چەند ڕۆژێک دەرکەوت هەردووکمان تووشی قایرۆسی کۆرۆنا بووین، هۆکاری تووشبوونەکەشی بۆ کارکردن لە تاقیگاکە دەگێڕێتەوە خۆشی بەهۆکار دەزانێت بۆ تووشبوونی باوکی.

شایانی باسە تا ئێستا وەزارەتی تەندروستی عێراق ژمارەی تووشبوانی کارمەندانی پزیشکی ڕانەگەیاندووە، ئەوە نەبێت لە سۆشیال میدیادا بڵاوی کردەوە حەیدەر هاشم کە لە گەورەترین کۆمەڵگای پزیشکی لە بەغدا وەک پەرستیار کاری دەکرد بەهۆی قایرۆسەکە گیانی لەدەست داوە.

دەستوور و فیدڕالیزم، وەک بنەمای ڕێککەوتن!



نووری پێخاڵی

وەک چۆن لە کاتی سەرۆکایەتیکردنی چەندین کابینەی حکوومەتدا، لەگەڵ هاوبەشەکانی لە حوکمڕانی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا، هەروەها لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و هێزە عێراقییەکاندا، ڕاست و ڕوون و ڕاشکاو بوو. ئێستاش کە سەرۆکی هەرێمە، بە هەمان پێودر مامەڵە دەکات، کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە ڕۆشنەکانی سەرکەوتنی ئەزموونی سیاسیی (نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان) لەناو هاوکێشە سیاسییەکاندا.

گوتاری سیاسی و دیبلۆماسیی سەرۆکی هەرێم، گوتارێک نییە سازشکار و خۆبەدەستەوەدەر، بەڵکوو گوتارێکی بەرپرسیارە، کە دەرک بە تەواوی مەترسییەکانی کێشەکان دەکات و سەرجەم گۆشە ڕۆشن و تاریکەکانی هاوکێشەکان دەبینێت. بۆیە هەر لەسەر ئەو بنەمایە هەنگاو دەنێت و دەرفەتەکان دەخاتە خزمەتی خاوکردنەوەی ململانێ و هەڵە تێپەڕاندنی قەیران و چارەسەریی کێشەکان.

ڕاستییێک هەیە نابێ خۆمانی لێ ببوێرین، ئەویش ئەوەیە کە نە کوردایەتیی بە کەفوکوڵ دەکرێ، نە سیاسەتیش بە کاردانەوە. هەتا هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە عێراق، دەبێ کورد لەگەڵ عێراق و لەسەر مێزی دانوستاندن و بە پشت بەستن بە مادەد و بڕگەکانی دەستوور، هەروەها پەیوەندیی نێوان فیدڕاڵ و هەرێم، نەک ناوەند و کەنار، کێشەکانی یەکلایی بکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی وەک هەموو جارێک بۆ دانوستاندن چووە، نەک بۆ دەردەڵ و گفتوگۆ. ئەمەش لەو تێگەیشتنە هۆشیار و بە ئاگایەوە سەرچاوە دەگرێت، کە میژووی کۆن و نوێ، ئەزموونەکانی دوور و نزیک لە پەیوەست بە ناکۆکیی و مەلمانێ سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە و نێوخۆ ئەوەمان پێ دەڵێن، لە سیاسەتدا شتێک بەناوی «یان هەموو شت، یان هیچ» جێی لەناو هاوکێشەکاندا نابێتەوە و ئەوە چەمکی «دانوستاندن»ە زیاتر پڕ بەپێستی کۆبوونەوەی سەرکردە و لایەنە ناکۆکەکان، تا ئەوەی گفتوگۆکردن و وتووێژ، بەتایبەتی کاتێک تەوەرەکان پرسی چارەنووسساز بن.

وەک چۆن لە سەرەتای دروستبوونی کێشە لە نێوان هەولێر و بەغدا لە سەردەمی (مالیکی) و دوای ئەو، بە دیاریکراویش پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 سەرۆک نێچیرڤان بەرپرسیارانە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی لە هێورکردنەوەی دۆخەکەدا بینی و ئاوەکەی بردەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی. ئەمجارەش بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە چوارچێوەی (بەرپرسیارێتیی هاوبەش) و لەبەر ڕۆشنایی دەستووردا، بە قورساییەوە، کە هەردوو جێگرەکەی یاوەری بوون، چووە بەغدا و ڕاشکاوانە بە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی بەغدا و سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی گوت: "چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرپرسیارێتیی هاوبەشی هەموو عێراقییەکانە، بۆیە کاتی ئەوەیە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش و هەموو دۆسیەکان یەکلا بکەینەوە."

بەردەوامیی خۆدزینەوە لە چارەسەریی کێشەکان و ئاڵۆزترکردنی دۆخەکە، پێش هەرێمی کوردستان، بە زیانی عێراق خۆی تەواو دەبێت. هەر گەڕانەوەیەکیش بۆ هەڵدانەوە و بە (با)کردنی کۆنە حیساب، خزمەت بە هیچ لایەک ناکات. بەتایبەتی کە گەلانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە دۆخێکی سەختی ئابووریی و نائارامیی دەروونیدا تێدەپەڕن و ئەوەندەی پێویستییان بە باشترکردنی ژیان و گوزەران و دابەرەریی و ئاوەدانیی و سەقامگیریی هەیە، پێویستییان بە قوڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان نییە، کە دواجار هەر ئەوان باجەکەی دەدەن.

پێداگریی سەرۆکی هەرێم لەسەر ئەوەی، کە دەبێ ئەزموونی تفت و تاڵی ڕابردووی نێوان هەردوولا بکرێتە هەوێنی (لێکتێگەیشتنی هاوبەش و ڕێککەوتنێکی گشتگیر) و زامنی دابینکردنی دابەرەوەریی و چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەکان بێت. ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی، کە هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندیی باڵا و گشتگیرەکانی گەلانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەمیشە ئامادەیی دڕێژکردنی دەستی ئاشتی و قوواڵکردنەوەی گیانی بەیەکەوەکارکردنی تێدایە، بەتایبەتی کە لە سای سەرەوەرکردنی دەستوور و پێگیربوونی بە پرەنسیپەکانی سیستمی فیدڕاڵیزم بێت، نەک بەرمەبنای تێگەیشتنی ناوەند و پەراوێز. بەو پێیەی عێراق ولاتێکی فیدڕاڵییە و دەستوور چوارچێوەی بۆ دەسەڵات و جۆری پەیوەندییەکانی هەردوولا و حکوومەتی فیدڕاڵ و حکوومەتی هەرێمەکان دیار کردووە.

سەرۆکی هەرێم باش لەوە تێگەیشتووە و تێ دەگات، کە بڕیاری سیاسی لە عێراقدا، تەنیا بڕیتی نییە لە سێ سەرۆکایەتییەکە، بەڵکوو ئەم سێ سەرۆکایەتییە ڕووخساری بڕیارەکەن و جەوهەری بڕیارەکان سەرکردە و هێزە سیاسییە عێراقییەکانن، کە لە پشتی پەردەوە داشەکان دەجوڵێنن. بۆیە هاوکاتی سێ سەرۆکایەتییەکەی بەغدا، سەرکردە و لایەنە سیاسییە کاریگەرەکانی ناو هاوکێشەی سیاسیی عێراقیشی خستە ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانیی گەلانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هەمیشە ئامادەیی دڕێژکردنی دەستی ئاشتی و قوواڵکردنەوەی گیانی بەیەکەوەکارکردنی تێدایە، بەتایبەتی کە لە سای سەروەرکردنی دەستوور و پێگیربوونی بە پرەنسیپەکانی سیستمی فیدڕاڵیزم بێت، نەک بەرمەبنای تێگەیشتنی ناوەند و پەراوێز. بەو پێیەی عێراق ولاتێکی فیدڕاڵییە و دەستوور چوارچێوەی بۆ دەسەڵات و جۆری پەیوەندییەکانی هەردوولا حکوومەتی فیدڕاڵ و حکوومەتی هەرێمەکان دیار کردووە.

سەرۆکی هەرێم باش لەوە تێگەیشتووە و تێ دەگات، کە بڕیاری سیاسی لە عێراقدا، تەنیا بڕیتی نییە لە سێ سەرۆکایەتییەکە، بەڵکوو ئەم سێ سەرۆکایەتییە ڕووخساری بڕیارەکەن و جەوهەری بڕیارەکان سەرکردە و هێزە سیاسییە عێراقییەکانن، کە لە پشتی پەردەوە داشەکان دەجوڵێنن. بۆیە هاوکاتی سێ سەرۆکایەتییەکەی بەغدا، سەرکردە و لایەنە سیاسییە کاریگەرەکانی ناو هاوکێشەی سیاسیی عێراقیشی خستە

فرێد تەیفن، وەزیری پێشووی دادی هۆڵەندی و دۆستی نزیکی کورد:

یەکێک لەو کەیسانەی لەبیری ناکەم و دڵخۆشم پێی، کەیسی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانراتی بازرگانیی هۆڵەندییە



ساسان دەرویش - هۆڵەندا

فرێد تەیفین دۆستی نزیکی کورد و کارکردنی بەردەوامی لە پرسی جینۆسایدی کورد، وەزیری پێشووی دادی هۆڵەندی و یەکێک لە دیارترین و ناسراوترین داواکارە گشتییەکان بووە لە هۆڵەندا لەسەر لیستی پارتی گەل بۆ ئازادی و دیموکراسی (لیبراڵەکان) کە ئێستا لەسەر دەسەڵاتن و سەرۆکوەزیران مارک ڕووتەیە. تەمەنی 61 ساڵە و لەدایکبووی شاری هاڵە و نیشتەجێی شاری ئەمستەلفینە، زانکۆی ئەمستردامی تەواو کردووە، چەندین ساڵیش پەرلەمانتار بووە لە ژووی دووەم و لە حکوومەتیشدا وەزیر بووە و جێگادەستی دیار و ناسراوە لەنێو خەڵکدا و کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و خۆشەویستە و خزمەتی زۆری ئەنجامداوە لەکاری باش و سەخت بۆ ولاتەکەی.

ڕەنگە پرسی خزمەتکردنی کارکردن بۆ جینۆسایدی گەلی کورد لە یادەوەرییەکانی خۆی لەنێو پەرتووکە نوێکەی وەڵامی زۆر شت بداتەوە کە لەم ماوەیەدا بلاوکرایەوە بەناوی (لە گرتنی تاوانبار زیاتر) کە بیرۆکەی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 18 ساڵ لەمەوبەر و بە گوتەی خۆی ئێستا توانیویەتی لە 15 ساڵ تێپەڕبوون هەموویان بخاتە سەر کاغەز لە یاداشتەکانی و زۆر بابەتی جیاواز لەخۆدەگرن و خستیە بەردەستی خوێنەر.

ئەمەشی بۆیە کرد لەژێر گوشاری خەڵک و خۆشەویستانی بوو، ئەو داواییەیان لێکرد و ئەمیش جێبەجێیکرد لە ئامادەکردنی پەرتووکێک بەناوی خۆی و یاداشتەکانی بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیانی تیایدا بدۆزنەوە لە هەموو شوێنە جیاوازەکانی کارکردنیدا بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی شۆفێری پاس و دوورکەوتنەوەی لە سیاسەت و دەشڵێ مەرج نییە هەموو نێوەرۆکی بابەتەکان بەدڵی خوێنەر بن، بەڵام ئەوانە ڕووداون و بوونەتە میژوو کە شانازییان پێوە بکەم و کار و کرداری من بوون لە ڕابردوودا، لە یەکێک لە کەنالەکانی تەلەڤزیۆن کە باسی لە پەرتووکەکەی کرد، باسی لە کەسوکاری قوربانیانی چەکی کیمیاوی و هەڵەبجەش کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی کە گۆڕەپانێک بەناوی کراوە لە چەمچەماڵ و وێنەکەی لەلایە و هەڵیگرتووە، ئەمە بۆتە هاندەرێکی سەرەکی و بەدواداچوون بۆ کەیسی جینۆسایدی کورد لە هۆڵەندا، لەو بەرنامەیەدا هەر یەکێک لە ئامادەبووان باسیان لە زۆر بابەتی ڕۆژ کرد و لەنێو هۆڵەندا و باسی پەرتووک و کارەکانی فرێد تەیفینیش کرا و گوتی: سەردەمی کارکردنم وەکو داوکاری گشتی، سەردەمێکی زێڕین بوو، پرسیاریان لێکرد ئاخۆ چ کەیسێک جێگای سەرنج و بایەخدانت بوو؟ لە وەڵامدا فرێد تیفین گوتی: یەکێک لەو کەیسانەی لەبیر ناکەرێت و دڵخۆشم پێی، کەیسی دادگاییکردنی (فرانس ڤان ئانرات بوو کە بازرگانێکی هۆڵەندییە، لەبواری چەکە کۆمەڵکوژییەکان و هاوکاری سەددام بوو لە ساڵی 1984 و دواتر لە دژی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکارهێنراو و کارەساتی گەورەی لێکەوتەوە لە ساڵی 1988 ئەو چەکە کۆمەڵکوژیانە بەکارهێنران دژ بە کوشتنی بە کۆمەڵ لە مرۆڤایەتی، دەبوو بەدواداچوون بکەین بۆ سەلماندنی وەرگرتنەوەی مافی قوربانییەکان و بەمەش من سوپاسگوزاری هاوڵاتییانی کورد خۆیانم کە زۆر بەپەرۆش بوون بۆ قوربانیەکانیان و پرسی جینۆسایدی گەلەکەیان و منی هاندا زیاتر لەسەرکارەکەم بەردەوام بم و کاریان بۆ بکەم لە پاداشتیش لە هەرێمی کوردستان لە چەمچەماڵ گۆڕەپانێکیان کردووەتە ناوی من و وێنەکەیان بۆ چرکاندووم و بۆیان ناردووم و منیش پاراستوومە و زۆر دڵخۆشم بەم کارەیان.

دادگای هۆڵەندا لە مانگی ئایاری 2007 سزای بەندکردنی 16 ساڵ و پێنج مانگی بۆ ئەو بازرگانە هۆڵەندییەی بڕیەوە، کە هاوکاری سەددامی کردبوو بەپێی بەڵگەکان و دان پێدانی خۆی بەسزای خۆی گەیشت، فرانس ڤان ئانرات 14 ساڵ لە عێراق ژیاوە و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن گەڕاوەتەوە هۆڵەندا و لە بەرنامەیەکی تیڤی خۆی ئاماژەی بەوەدا کە هاوکاری عێراق بووە لە دابینکردنی چەکە کۆمەڵکوژییەکان و دوای ئەمە داواکراودادگایی کرا، فرێد تیفین چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ بەدواداچوون و گەڕان و زانیاری کۆکردنەوە بۆ دادگاییەکە و لە ساڵی 2008 بەچاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەوکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداری کۆنگرەی بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردی لە شاری هەولێر کردووە و لەدوای گەڕانەوەشی لەگەڵ هاری ڤان بۆمڵ پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست لە میدیاکانی هۆڵەندا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە مۆنۆمێنتێ بۆ ئەنفال و هەڵەبجە لە هۆڵەندا دروست بکرێت لە دوای ئەم قسەیە و کارکردنی بەردەوامی هاری ڤان بۆمڵ و چالاکوانی کوردستانیان لە هۆڵەندا تواندرا خەونی هەموو شەهیدانی هەڵەبجە بێتە دی و پەیکەری عومەری خاوەر و کۆرپەکەی لەنێو باخچەی بارەگای قەدەغەکردنی چەکەکۆمەڵکوژییەکان لە شاری لاهای دابندرێت و کەسوکاری قوربانیانیش دڵخۆش بکات.

عێراق لە دۆخێکی خراپی ئابووریدایە و پێویستی بە قەرزی دەرەکی هەیە

دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز بەڕێوە دەچێت

بڕیارە سبەی چوارشەممە پەرلەمانی عێراق دانیشتنی ئاسایی خۆی بەمەبەستی دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی دیاریی ئەنجامبدات و بۆ ئەو مەبەستەش بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان کراوە ڕۆژی چوارشەممە 2020/6/24 کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان بەڕێوە دەچێت.

سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی چوارشەممەی داهاتووی بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی ئاسایی خۆی، بەمەبەستی دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی دیاریی کرد، لەکاتێکدا ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق تووشی کۆرۆنا بوونە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران بانگهێشتی ئەندامانی کردووە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی 2020/6/24 کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ، ئەوەیش بە مەبەستی دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆ و دەرەکی.

ئەمەیش لەکاتێکدایە هەر دوێنێ بڵاوکرایەوە ژمارەیەک پەرلەمانتار و فەرمانبەری پەرلەمانی عێراق تووشی کۆرۆنا بوونە. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەو کۆبوونەوەیە بەهۆی کۆرۆنا بۆ کاتێکی تر دوابخرێت یان میکانیزمی تر بدۆزرێتەوە بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاساکە، چونکە عێراق ئێستا لە دۆخێکی خراپی ئابووریدایە و پێویستی بە قەرزی دەرەکی هەیە.

ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تووشی کۆرۆنا بوون

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاند کە شەش ئەندامی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەران، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) بوون.

دوێنێ دووشەممە محەمەد حەلبوسی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: شەش ئەندامی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەران، خۆیان پێیان ڕاگەیاندووم کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

ئەو گوتیشیەتی: دەنگۆی ئەوە هەیە کە تا ئێستا، 20 ئەندام و 28 فەرمانبەری ئەنجوومەنی نوێنەران تووشی کۆرۆنا بوون کە لەنێویاندا بەڕێوەبەری گشتیی و کارمەندانی ئەمنی هەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ئاشکرایشی کردووە، ژمارەیەک لەو کەسانەی کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، پاسەوانی ئەنجوومەنی نوێنەرانن.

بەپێی دواینێ ئامارەکان تا ئێستا، 30 هەزار و 868 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و 100 کەس گیانیان لەدەستداوە و 13 هەزار و 935ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

کەسوکاری شەهیدانی ئۆردووگای زێوە داوا دەکەن شەهیدەکانیان بکرێنە شەهیدی سەنگەر

35 ساڵ بەسەر بۆردوومانکردنی ئۆردووگای زێوەدا تێپەڕ دەبێت، کە لە 1985/6/19 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئۆردووگاکە بۆردوومان کرا و خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوون، تا ئێستا ناوی 130 شەهید لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان تۆمار کراوە، بریکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێت، هەر کەسوکارێکی شەهیدان تا ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە، واریسی سەرەکییان مابێت دەتوانن سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بکەن.

حەمدی ئەوەیشی خستە ڕوو: تا ئێستا 130 کەس ناوی لای ئێمە تۆمار کراوە، بەپێی ڕێکارەکانی وەزارەت، کە بە یاسا ڕێک خراوە ئەو کەسانەی شەهید دەبن، تەمەنیان کەمتر لە 16 ساڵە، بە شەهیدی هاووڵاتی تۆمار دەکرێن و سەرووی 18 ساڵیش بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێن."

ناوبراو دەشڵێت: ئەو لیستەی شەهیدانی ئۆردووگای زێوە لەلای وەزارەت تۆمار کراوە بەپێی ڕێکارەکان، ئەگەر کەسێک ناوی لە لیستەکەدا هەبێت و تا ئێستا مامەڵەی نەکردبێت، دەتوانێ سەردانی وەزارەت بکات و مامەڵەکانی خۆی نوێ بکاتەوە، بە مەرجێک واریسی سەرەکیی شەهیدەکە مابێت، تا بەپێی پەیڕەوی ڕێکارە یاساییەکان شایستە دارایی‌یەکانی بۆ دابین بکەین.



شایستە دارایی‌یەکانی کەسوکاری شەهیدان وەک پێشوو دەمێنێتەوە



بریکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێت، ئەوەی تایبەتە بە شایستە دارایی‌یەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، مووچەکانیان وەکو مانگەکانی پێشوو لە ڕێگەی خەزێنە و بانکەکانەوە بە بێ کەمکردنەوە بەردەوام دەبێت. دەشڵێ: ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی لە تواماندا بێت بۆ هاوکاری و پاڵپشتیی کەسوکارەکانیان، دەیکەین.

هەروەها ئەوە دووپات دەخاتەوە کە هیچ گۆڕانکارییەک لە مووچەدا، شەهیدانی سەنگەر و هاووڵاتی و زیندانیانی سیاسی ناگرێتەوە و وەکو مانگەکانی ڕابردوو مووچەکانیان دابەش دەکرێت، ئەو 98 هەزار کەسەش، کە کەسوکاری شەهیدانن و هەروەها ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە شایستەیان لای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ماوە، وەک خۆی دەمێنێتەوە و بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

حەمدی ئەوەیشی خستە ڕوو: تا ئێستا 130 کەس ناوی لای ئێمە تۆمار کراوە، بەپێی ڕێکارەکانی وەزارەت، کە بە یاسا ڕێک خراوە ئەو کەسانەی شەهید دەبن، تەمەنیان کەمتر لە 16 ساڵە، بە شەهیدی هاووڵاتی تۆمار دەکرێن و سەرووی 18 ساڵیش بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێن."

ناوبراو دەشڵێت: ئەو لیستەی شەهیدانی ئۆردووگای زێوە لەلای وەزارەت تۆمار کراوە

پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بازگەکان بۆ هەموو کەس دەکرێت

بەڕێوەبەری تەندروستی دهۆک: تا ئێستاش تیمەکانمان لە هەردوو (بازگەی شێراوە ـ دێگەلە) ڕۆژانە پشکنین ئەنجامدەدەن

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی "دکتۆر ئەحمەد قادر پالانی" بەڕێوەبەری تەندروستی دهۆک هەولێر، تیمەکانیان لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لە هەردوو (بازگەی شێراوە و دێگەلە) زیاتر لە (6000) نمونەی پشکنینی پەتای کۆرۆنایان وەرگرتووە و لەسەر ڕاسپاردەی (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر)لە ڕۆژی 20/ 4پیاردرا کە پشکنین بۆ هەموو ئەو هاوڵاتیانە بکرێت کە بەڵگەی ڕێپێدراوی (وەزارەتی ناوخۆ)یان هەیە، بۆ ئەوەی بێنە ناو شاری هەولێر، بۆ ئەو مەبەستەش تیمی تەندروستی دهۆک هەولێر لە هەردوو بازگەی شێراوە و دێگەلە دانراوە و هەر لەلایەن ئەو تیمانەوە ڕۆژانە پشکنین بۆ ئەو کەسانە ئەنجامدەدرێت، کە لەو دوو بازگەیەوە دێنە ناوشاری هەولێر،





دواتر دەربارەی کارو چالاکیەکانیان لەماوەی ئەو دوو مانگەی پەتای کۆرۆنا، بەڕێوەبەری تەندروستی دهۆک هەولێر ڕوونیکردەوە: هەر لەسەرەتای هاتنی پەتای کۆرۆنا بۆ کوردستان بەهەوڵ و کۆششی (وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) چەندین تیممان دروستکرد و پێداویستی پزیشکی و داو و دەرمانی تاقیگەمان لەلایەن تەندروستی هەولێرەوە بۆ دابینکراو هەموو ئەو تیمانە لەناو سەنتەرەی قەزای دهۆک هەولێرو دەوروبەری ئامادەکراو لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواو دابوون و 24 کاتژمێر ئەو تیمانە لە ئەرکدابوون، لەماوەی ئەو دوومانگەدا تیمەکانمان هوشیاری تەندروستی یان بە هاوڵاتیان دەدا تا خۆیان لەو پەتایە ترسناکە بپارێزن و بەبێ ماسک و دەستکێش سەردانی مارکێت و شوێنە جەنجاڵەکان نەکەن، (وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم و خودی وەزیری تەندروستی) لەماوەی ئەو چەند مانگەدا بەدەیان ڕێنمایی و هوشیاری تەندروستی گرنگ و سوود بەخشیان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاو کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکردەوەو ڕێنماییە گرنگەکان سوودێکی زۆریان بە هاوڵاتیان بەخشی و تیمەکانیشمان توانیان سەردانی چەندین شوێن بکەن، کە گومانی ئەو پەتایەی لێدەکرا، داواشمان لە هاوڵاتیان کرد کە لەمانەکانی خۆیان بمێننەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو پەتایە ترسناکە نەبن، دیارە لە سنووری ئێمە ژمارەیەک کەس تووشی ئەو پەتایە بوون و ژمارەیەک لەو نەخۆشانە بە هەوڵ و کۆششی تیمەکانمان چاکبوونەوە و بەشێکیشیان کەرەنتینکران تا چاکببنەوە، ئەمبۆڵانسەکانی ئێمە بەردەوام لەماوەی 24 کاتژمێردا لە تەندروستی دهشتی هەولێر لە ئەرکدابوون و ژمارەی مۆبایلی 122یش شان بەشانی ئێمە بە ئەمبۆڵانسەوە لەئامادەباشی تەواو دابوون بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکان، جگەلەوە بەهەوڵ و کششی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) بەشێوەیەکی بەردەوام (پێداویستی پزیشکی و کەلوپەلی تاقیگە)یان بۆ دابینکردووین، تیمەکانی هەردوو بازگەی شێراوەو دێگەلەش شەوو ڕۆژ لەناو بازگەکان پشکنینیان بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە دێنەوە ناو شاری هەولێر و تا ئێستاش ئەو تیمانە لە هەردوو بازگە لە ئەرکی خۆیان لە خزمەتی هاوڵاتیاندان، تیمەکان ڕۆژانە زیاتر لە 100 پشکنینیان ئەنجامدەدا لە هەردوو بازگەکان دیارە ئەو تیمانە لە ڕۆژی 20/ 4وە دەستیان بە پشکنینکردووە، ماوەی دوو مانگە بەبێ پسانەوە شەونخونی بکەن لە پێناو سەلامەتی هاوڵاتیانی خۆمان و لەماوەی ئەو دوومانگەش زیاتر لە (6000سامپڵ و پشکنین) بۆ هاوڵاتیان کراوە، ئەو تیمانە لە هەردوو بازگە لە بەداخەوە ژمارەیەک لەو پشکنینانەی کە کراون دوای دەرکەوتنی دەرەنجامەکان لەلایەن وەزیری تەندروستی "دکتۆر سامان بەرزنجی" وەزیری تەندروستی ڕوونیکردەوە کە چەند هاوڵاتیەک لەڕێگەی ئەو پشکنیانەی کە ئێمە وەرمانگرتووە دەرکەوتووە کە (پۆزەتیف) دەرچوونە کە هاتوونەتەوە شاری هەولێر و "دکتۆر دلۆڤان" بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر زور خەمخۆرانەو دڵسۆزانە هەموو پێداوستی داو و دەرمان و مەوادی تاقیکەی بۆ دابینکردووین.



دواتر "عەبدولسەمەد سورچی" بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی دهشتی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهشتی هەولێر بەدڕێژایی زیاتر لەدوو مانگ چەندین تیممان هەبوو هەمیشە لە ئامادەباشی تەواو دابوون و چەندین پشکنین بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدراو لەکاتی هەر حاڵەتێکی لەناکاویش شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هەموو هاوڵاتیاندابووین.

لەسەرەتای هاتنی ئەو پەتایە لەخزمەتی هاوڵاتیاندابووین و لەکاتی کەرەنتینەشدا تیمەکانمان سەردانی (گوندی کانی گەنی)مان کرد و زیاتر لە 50(سامپڵ)مان وەرگرت و نمونەی ئەو سامپلانەشمان لەهەمان ڕۆژ گەیاندۆتە تاقیگەی ناوندی هەولێروپاشان تیمەکانمان سەردانی (گوندی هەڵەجەی بچووک)یانکرد و لەوێش چەندین سامپڵمان وەرگرت، هەر لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیاندا تیمەکان سەردانی ناو (قەزا و کەسنەزان)یانکرد و خودی خۆم و بەڕێوەبەری تەندروستی دهشتی هەولێر بەبەردەوامی سەردانی هەردوو (بازگەی شێراوە و دێگەلە)مانکردووە، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پشکنینەکان بکەین و لەنزیکەوە لە کەموکوڕیەکانمان کۆڵیەوە، دواتر هەربۆ سەرخستنی ئیش و کارەکانمان سەردانی تیمەکانمان لە هەردوو بازگە کردووە و (شوفێرو ئەمبۆڵانس)یش بەردەوام لەماوەی 24 کاتژمێردا لە ئەرکدابوون، (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر) بەردەوام پشتگیری لە کارەکانمانکردووە و هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابینکردووین و هانی داوین کە هەمیشە لە خزمەتی هاوڵاتیاندابین، لەکاتی کەرەنتیتە کردنیشدا وەک (تەندروستی دهشتی هەولێر) لە ئەرکدابووین و ماسک و پێداویستی پزیشکیمان بەسەر تیمەکاندا دابەشکردووە و هۆبەی ڕاگەیاندنیش کارو چالاکیەکانی بۆ بڵاو کردووینەتەوە، لەهەر شوێنێکیش ئەگەرپێداویستی پزیشکی کەمبوایە، ئەوا دەمو دەست بۆمان دابینەکردن، لێرەوە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە خۆپارێزی بکەن و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بەهەند وەربگرن وپابەندی ڕێنماییەکان بن و ماسک و دەستکێش بە بەردەوامی بەکار بهێنن بۆئەوەی لەو پەتایە بەدوورین و مانەوە لەمانەوە زور گرنگەو پێویستە لەشوێنی جەنجاڵ خۆیان دوور بخەنەوە.

21ی حوزەیران.. هەڵگەڕانەوەی هاوین

پسپۆری جیۆلۆجیا: لە 21ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک هەڵگەڕانەوەی وەرزی هاوین لە نیوە گۆی باکووری هەسارەی زەوی ڕوو دەدات

خەبات: دهۆک

21ی حوزەیران کە بەپێی ساڵنامەی کوردی یەکەم ڕۆژی وەرزی هاوینە لە ئەمساڵدا هاوکات بوو لەگەڵ دیاردەی خۆرگیران و بەپێی بۆچوونی پسپۆرێکی بواری جیۆلۆجیا ئەمە ڕووداوێکی سروشتیی دەگمەنە و کاریگەریشی لەسەر ڕەوشی کەشوهەوا دەبێت.



پسپۆری بواری جیۆلۆجیا و مامۆستا لە زانکۆی دهۆک، ڕەمەزان هەمزە لە لێدوانێکدا باسی لە سەرەتای وەرزی هاوین کرد و گوتی: هەموو ساڵێک لە 21ی حوزەیران هەڵگەڕانەوەی وەرزی هاوین ڕوو دەدات و تیشکی خۆر ستوون دەبێت لەسەر خوڵگەی قڕژاڵ و دەبێتە سەرەتای وەرزی هاوین لە نیوە گۆی باکووری هەسارەی زەوی، بە شێوەیەکی گشتیی وەرزی هاوین بە گەرما دەست پێ دەکات، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کاریگەری گەڕانکاری کەشوهەوا لە ناوچەکەدا ئێستا کە یەکەم ڕۆژی هاوینە و دەبینین لە ئاسمانی دهۆک هەور هەیە و کەشوهەوا تارادەیەک فێنکە و لە زۆر ناوچەیش باران هەیە.

ڕەمەزان هەمزە باسی لەوەیش کرد کە ئەم گەڕانکاریانەی کەشوهەوا لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەری دەکەنە سەر هەڵگەڕانەوەی وەرزەکان و هەندێک وەرز پێش وەخت دەست پێ دەکەون و هەندێکیش دوا دەکەون، ئەم گۆڕانکارییەش ئەنجامی ئەوەیە کە ئێستا جیهان چووەتە نێو چاخی سەهۆڵبەندی کە کاریگەری واقعی کردووەتە سەر کەشوهەوا لەسەر هەسارەی زەوی، بۆیە ئێمە پێشبینی دەکەین کە وەرزی هاوین دەستی پێکردووە کەشوهەوا لە هەندێک شوێن فێنک بێت و لە هەندێک شوێنیش گەرم بێت.

پسپۆری بواری جیۆلۆجیا و مامۆستا لە زانکۆی دهۆک، ڕەمەزان هەمزە سەبارەت بە دیاردەی خۆرگیران لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی هاوین گوتی: ئەمڕۆ دیاردەی خۆرگیران ڕووی داوە کە بەدەگمەن ئەم دیاردە سروشتییە دەکەوێتە سەرەتای وەرزێک بە تایبەتیش وەرزی هاوین و ئەم دوو ڕووداوە سروشتییە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە هەرچەند بە شێوەیەکی پراکتیکی نە سەلێنراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی زانستی هاوچەرخ باس لەم کاریگەریە دەکەن و بەپێی لێکۆڵینەوەکان بوونی



سەرۆکی هەرێم لە هەوڵدایە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەپێی دەستوور چارەسەر بکات

خەبات: تریفە ئازاد

بە سەردانێکی دوو ڕۆژە ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەری جێگرانی سەرۆکی هەرێم سەردانی شاری بەغدای کردوو لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکی کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان،چەندین سەرکردایەتی سیاسی و حزبی عێراقی کۆبووەوە تێدا باس لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا،باس لە خراپی دۆخی ئابووری و تەندروستی کرا و پشاندانی نیاز پاکی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەمانە تەوەری سەرەکی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو.

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم کلیلێک، بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک دەرگای داخراوە

تەیب زرار، نووسەر و چاودێر سیاسی سەردانی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی لەم کاتە بۆ بەغدا و کۆبونەوەی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە و بینی چەند سەرکردەیەکی حزبی بە گرینگ وسف کرد و لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا دەسپێشخەریەکی گرنگ بوو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغدا بۆ چارەسەر کردنی کێشە کەلەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا . سەردانەکە کەهاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و ئاڵۆزی و ئاڵنگاری کە بەرۆکی هەردولای گرتووە وەک کێشەی ئابوری بەتایبەتی لەگەل دابەزینی نرخی نەوت و دەرهاویشتە ئابوری و تەندروستیەکانی بلاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا و ئالۆزی هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان و تەنانەت وەزعی خراپی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێت کە سەرکردە گەورەکان لەو کاتەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن و قسەی یەکلاکەرەوەیان هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و لەیەکتر نزیک کردنەوەی بۆچونەکان و گەڕان بەدوای خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوە،بۆیە چاوەڕوان کراوبوو کە لە کاتێکی واهەستیاردا بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئەو دەسپێشخەریە بکات و سەردانی بەغدا بکات و کۆمەڵێک دیداری گرنگ لەگەڵ سەرۆکایەتیەکانی عێراق و کەس و لایەنەکان ئەنجام بدات هەروەک پێشتریش ئەم جۆرە هەنگاوانە لەلایەن جەنابیانەوە دراوە و ئاکامی باشیشی لێکەوتۆتەوە، پێمان وایە و ئومێد دەکەین سەردانەکە ببێتە خاڵی وەرچەرخان لە ئایندەی پەیوندیەکانمان لەگەل بەغدا و زەمینەسازیەکی باشی کردبێت بۆ ڕێکەوتنی هەردوو حکومەت لە ئایندەیەکی نزیکدا،هەروەها ئەم سەردانە تێروانینی بەغدا و لایەنە سیاسیەکان بگۆڕێت سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی و خەڵکەکەی و هەنگاوێک بێت بۆ ئاسایی کردنەوە و ئاشتبوونەوەی گشتی چونکە لە هەقیقەتدا لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر پەیوندی نێوان هەرێم و بەغدا زۆر خراپ بووە و تەنانەت ئەو پەیوەندییە خراپە کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاش هەبووە ،بۆیە پێمان وایە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم وەک کلیلێک وایە بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک دەرگای داخراو لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی لە بوارەکانی ئابوری ، سیاسی، سەربازی ، تەنانەت کۆمەڵایەتیش ، بەم هەنگاوەش ئاسۆی ڕێکەوتنێکی جددی لەنێوان هەردوولا بەدی دەکرێت بەتایبەتی کەحکومەتی کازمیش تازە دەسبەکار بووە و دەیەوێ خۆی لە کێشەکان ڕزگار بکات و ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکان بەدەست بێنێت.



تەیب زرار: سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم لە ئایندەدا لەگەڵ بەغدا زەمینەسازیەکی باشی دەبێت

کێشە هەڵپەسێردراوەکان و گرینگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا

د. ئەدا مێرگەسۆری، پەرلەمانتاری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی بەڕێز (نێچرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کاتە هەستیارەی کوردستان و عێراقی پێداتێپەڕدەبێت، گرنگیەکی یەکجار کاریگەری هەیە، چونکە هەرێم و عێراق و تەواوی جیهان بە قۆناغێکی سەختی مەترسیداری ئابووری تێدەپەڕن، کە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و بەرپلاوبوونی پەتای کرونا (کوڤید 19) لە تەواوی جیهاندا، ئەوا ئابووری جیهانی داتەپیوەو وکاریگەری یەکجار نەرێنی کردۆتە سەر هەموو جیهان و لە نێوشیاندا کاریگەری زۆری کردۆتە سەر داهاتی ناوخۆیی و دەرەکی هەرێم و عێراق. بۆیە گومانی تێدا نییە کە ئەم سەردانەی بەڕێزیان لەگەڵ ئەو شاندی لەگەڵیەتی کە بە یەکەم سەردانیان دادەنرێت بۆ بەغدا، دوای دەست بەکاربوونی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق(مستەفا کازمی). بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەبێت، ڕوونیشە کە دوای بە زۆر دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر(عادل عەبدولمەهدی) ئەوا ئایندەی گفتوگۆکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی (عادل عەبدولمەهدی) لەسەر پرسی شایستە دارایییەکان و بابەتی نەوت هێشتا بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو نەگەیشتونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی،بۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنە چارەسەر کردنی ئەو گرفتە دارایی و دەستوریانەی کە لە نێوان هەر دوو حکومەت هەیە زۆر گرنگە کە لە ئاستی بالای هەرێم، سەردانی بەغدا بکرێت بۆئەوەی کە گفتوگۆکان بەرەو ئاراستەی چارەسەرکردن بڕوات، بە تایبەت کە ئێستا لە عێراق سەرۆک وەزیرانێک دەسەڵاتی گرتۆتە دەست کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و خودی جەنابی (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی هەرێم پێشوازیەش لە سۆنگەی ئەوە بوو کە (کازمی) بە عەقڵیەتێکی کراوەتر و دەستوریانەتر مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات و بە میزاجی کەسی مامەڵە لەگەڵ کیانێکی دەستوری نەکات، بەڵام ئایا تا چەند (کازمی) دەتوانێت دەستوریانە سیاسەت بکات؟ ئەمە لە ئایندە دەردەکەوێت، بەڵام بە هۆی ئەو ماوە کورتەی کە کازمی بۆ حکومەتداری لەبەر دەستیەتی و بە هۆی ئەو هەموو گرفتانی کە بەرۆکی کازمیان گرتووە، جا لە بوونی گەندەڵی و ڕاگرتنی بالانسی دەوڵەتانی ئیقلیمی و بوونی میلیشیاتی دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو و کێشمەکێشی سیاسەتی ئەمریکا و ئێرانی لەسەر خاکی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت و سەدان کێشەی دیکە، ئەستەمە ئەویش بتوانێت خۆی لە چوارچێوەی ئەو جۆرە عەقڵیەتە ڕزگار بکات کە هێنندە سالە بەغدای پێ بەڕێوە دەبردرێت.



بڵند نەورەس: سەردانی سەرۆکی هەرێم نیشاندانی نیازپاکی هەرێمی کوردستان بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان



نەدا مێرگەسۆری: (نێچیرڤان بارزانی) خودان هێزێکی نەرمی دیپلۆماسیە دەتوانێت زۆر لەگرێ ئاڵۆزەکان بکاتەوە

هەروەها لە بارەی دروست کردنی کێشە و گیروگرفت لە لایەن هەندێک کەس نەدامێرگەسوری گوتی: ئەمە جگە لەوەی کە ئەم سەردانە لە کاتێکدایە کە ماوەیەکە ولاتی تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و تۆپبارانکردنی پێگەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنورییەکان، کە ئەمەش بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و بە پێی دەستوری عێراقی ساڵی(2005)یش بێت، ئەوا پێشیل کردنی سیادەی عێراقە و دەسەڵاتی پاراستنی سیادەی عێراقیش لەدەستی حکومەتی فیدرالی بەغدایە. ڕاستە ئیدانەی هێرشەکان کراوەو وەزیری دەرەوەی عێراقیش باڵوێزی تورکیای بانگهێشت کردووە، بەڵام دەبێت حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی جددی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکات، ئەمە جگە لەوەی کە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چەندین جار ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرەڕای ئیدانە کردنی ئەو هێرشانە، بەڵام هێزەکانی(پ.ک.ک)ش دەبێت خەباتی چەکداری خۆیان بگوازنەوە دەرەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی ناپاسایی لەو هەرێمەن و پێویستە ڕێگەی ئاشتیانە بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان،دەزانن کە جموجۆڵی داعەشیش بە تایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم ڕوو لە زیادبوونەو ماوە ماوە هێرش دەکەنە سەر خێزانە کوردەکانی ئەو ناوچانەو شەهیدیان دەکەن و دەخل ودانیان دەستێریت، بەرپرسیارەتی پاراستنی دانیشتوانی ئەم ناوچانەش لە ئەستۆی حکومەتی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق(کازمی) یە، دوای ڕووداوەکانی(16) ئۆکتۆبەری(2017) هێزەکانی عێراقی بە تەنیا و بە بێ بوونی پێشمەرگە ناتوانن سەروماڵ و خەڵکی ئەو ناوچانە بپارێزین، بۆیە ئەم سەردانەی بەڕێزیان لەم کاتەدا هاندەرە بۆ ئەوەی دوای چوونەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بکرێتەوە بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە. ئەمە جگە لەوەی کە گرنگی ئەو سەردانە لەوەدایە کە ئەو (دەنگە نەشازانەی کوردیش کپ دەکات)، کە بە نهێنی و بە ئاشکرا ولە ڕێگەی بەغداوە هەوڵ بۆ دروست کردنی کێشەو گرفت دەدەن بۆ هەرێمی کوردستان و جارە جارە پێشنیاری بڕینی موچەو بوجەی هەرێم دەکەن و بوونەتە هۆکاری ناشرین کردنی پێگەی هەرێمی کوردستان،وە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەو گفتوگۆیانەی کە بە نیازە لە داهاتوودا شاندی حکومەتی هەرێم کوردستان لە گەڵ حکومەتی بەغدا ئەنجامی بدات بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن و چارەسەر کردنی گرفتەکان بە تایبەت گرفتی شایستە دارایییەکانی هەرێم و پرسی نەوت لەگەل بەغدا. چونکە بەڕێز(نێچیرڤان بارزانی) خودان هێزێکی نەرمی دیپلۆماسییە کە دەتوانێت زۆر لە گرێ ئاڵۆزەکان بکاتەوە.

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستییەکی دوو لایەنە بوو بۆ هەولێر و بەغدا

بڵند نەورەس، مامۆستای زانکۆ سەردانەکەی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی لەم کاتەی ئێستا بەگرینگ زانی و لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم دۆخەدا کە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ساردی تێکەوتووە، لە هەمان کاتدا بلاوبونەوەو تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان و عێراق و جیهاندا ئەوەندەی تر دورکەوتنەوەی خولقاندووە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، سەردانی ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەم کات و دۆخەدا مەبەست لێی نزیک کردنەوەی بۆچوونەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقە، لە هەمان کاتدا بۆ تووندکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدایە. گرنگی ئەم سەردانە لەوەدایە کە ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەک کۆبونەوەی ئەنجامداوە لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان و حکومەتی عێراقیدا، هەروەها بە تێگەیشتن لە واقعی دۆخی عێراقید دیداری هەبووە لەگەڵ پارتە سیاسییە بالادەستەکانی عێراقدا، بەو پێیەی کە جولێنەری سیاسەتی گشتی و پێکهێنەری حکومەتی بەغدان،کاک نێچیرڤان بەوە ناسراوە کە لە هەموو فشار و گوشارێکدا هەمیشە پرەنسیپی ئارامکردنەوەی بەرجەستەکردووە، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهانیش کارەکتەرێکی گوێ لێگیراوەو ،ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداو هێورکردنەوەی فشارەکانی سەر هەرێم لەلایەن بەغداوە کرۆکی مەبەستی سەردانەکەی بەڕێزیان بووە بۆ بەغدا.

ئەم سەردانە پێویستییەکی دوو لایەنە بوو بۆ هەولێر و بەغدا، تا بتوانن بە یەکەوەو بە متمانەیەکی زیاترەوە کار بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بکەن، تیایدا هەردوولا سودمەندبن تیایداو.هەروەها مەبەستی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختکردنەوە بووە لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و زیان نەگەیاندن بە مووچەخۆڕان و خەڵکی کوردستان لەڕێر هەر ناونیشان و پاساوێکدابێت.هەروەها نیشاندانی نیازپاکی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە ماوەیەک دەبوو هەندێک کەس و لایەن گرەویان لەسەر پێچرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەکردەوە، سەرۆکی هەرێم پیاوێکی بەهێزە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەرەوە ، ئەم خەسڵەتەش وای لێکردووە کە چارەسەرکەری کێشەکان بێت و هەمیشە مەودایەک بدۆزێتەوە بۆ گونجاندن و تێگەیشتن لەنێوان هەموو ئەو لایەنانەی کە گرفتی ڕێککەوتنیان هەیە ،بۆیە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەرهەمی سەردانەکەی بەڕێزیان ڕەنگدانەوەی کردەیی دەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا.

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان سەرکەوتن و ئاستەنگدا



مستەفا قایتەوەنی/ لەندەن

کوردستان لەشۆڕشی ئاوەدانی و پێشکەوتندا نەک تەنها وەپێش عێراق کەوتبوو، بەڵکو تەنانەت وەپێش بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکەش کەوتبوو. ماوەیەک کێبڕکێ بوو لەنێوان گەورە کۆمپانیایی وڵاتان بۆ کێکەکەی کوردستان و بەپرتاو بۆی دەهاتن بۆ ئەوەی بەشیان وەبەر بکەوێ و ئەوکات کوردستان هەم گیرفان پڕ بوو هەمیش لەلوتکەی گەشەدابوو، ئەو دەسکەوتانەش بۆ کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بەتایبەتیش لەسەردەمی کابینەی شەش و حەوتدا هەرێمی کوردستان لە لوتکەی ئاوەدانی و خەڵکیش لەخۆشگوزەرانیدا بوو. هەڵبەت ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات ڕۆڵێکی گەورە و بوێرانەبوو لە وەگەڕ خستنی بازاڕی ئازاد و کرانەوەی کوردستان بەڕووی دەرەوەدا.

ماوەی سالێکە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی دەست بەکار بووە، ئەم کابینەیە دوای گۆڕانکارییەکی گەورەی سیاسی وسەربازی لەناوچەکە پێکهات،لەکاتێکدا لەئەگەری ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەری 2017، کوردستان 51% خاکەکەی لەدەستدا بوو بەم هۆیەوە کوردستان سەرچاوەکانی داهاتی ڕوو لە ووشک بون چوو ، لەم سەروبەندەدا کابینەی نۆیەمی حکوومەت لە بارودۆخێکی دژوار دامەزرا.

دەست بەکاربونی ئەم کابینە وەزاریە بووە جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان. حکوومەتیش ئەرکی پێشینەی خۆی کردە چاکسازی و ئەم پڕۆسەیەش بەرووبی لە نێو هەموو سێکتەرەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم دەبینرا. هەرێم و بەغدا گەیشتبونە لێک تێ گەیشتن بۆ ڕێکەوتنێکی باش و تۆکمە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو بارودۆخی بەغدا بەهۆی خۆ نیشاندانەوە تێکچوو کابینەکەی دکتۆر عادل عبدالمهدی دەستی لەکار کێشایەوەو بووە کاربەڕێخەر و نەتوانرا سەرجەم ڕێکەوتنە سیاسی و نەوتیەکانی هەرێم و بەغدا لە ڕێکەوتنی لێک تێگەیشتنەوە بکرێتە ڕێکەوتنێکی ئیمزاکراو و بەرکار ئەمەش هۆکار گەلێکی زۆری لەپشت بوو! چی فشاری ناوخۆی و چی فشاری ئیقلیمی؟! چی لێکترازانی نێومالّی کورد لەبەغدا.پاشان خۆنیشاندانی شەقامی عێراقی و خراپی ڕەوشی ئاسایشی عێراق و ململانێکان وایکرد حکومەتی عادل عبدالمهدی سڕ بکرێ و نەتوانێ هەنگاو بنێ بۆ ئیمزاکردن و بەرکارکردنی ڕێکەوتنەکە.

دواتریش بەڵای گەورەتر ڕووی لەعێراق کرد، ئەویش دابەزینی نرخی نەوت و پەتای کرۆنا پێکەوە بەرۆکی عێراق و کوردستانیان گرت و کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان دروست کرد و ئەوەش هەنگاوەکانی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستانی سنوردار کرد، لەلایەکی دیکەشەوە موچە لەلایەن بەغدا ڕاگیرا، پەتای کرۆناش بازاڕی داخست و ژیانی خەڵکی وە ستاند و داهاتی ناوخۆی گەیاندە سفر.

بەم شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری ئاستەن و تەگەرەی سەخت بوو جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی لە بواری چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و پەرەپێدانی سێکتەری ئابووری وخۆشکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان. لەلایەکی تریش بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و پەرەوکردنی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن و ڕاگەیاندی قەدەغەی هاتوچۆ. بەم شێوەیەحکومەت کەوتە نێوان دوو بژاردەوە کە بەداخەوە هەردوو بژاردەکە لەلایەنی کەس و لایەنی نابەرپرس بۆگەرێنێتەوە چونکە تەنها بەم ڕێگایانە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین پارێزبەندیەکەی بۆدەگەڕێتەوە:

1- لەبەرئەوەی پارێزبەندی بەدەنگدان لێیوەرگیراوەتەوە وبەدەنگدانیش پێیدەڕێتەوە - ئەمەش کارێکی ئەستەمە.

3- داواکەی لەدادگا کۆتای پێبێت ،ئەگەر سکالاکار تنازلی کرد بەڵام مافی گشتی دەمێنێت لەبەر ناوزراندن بە دەزگایەکی گرنگی ولات کراوە کە ئەنجومەنی وەزیرانە.

3- ئەگەر داواکەی بردەوە بێگومان رونادات چونکە تاوانی تەشهیری کردووە .

4- بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم 2008ی بەرکار ،تەنها لەبابەتی احتکام رای ئەنجوومەنی شورا الزامی دەبێت کە ناکۆکی هەبێت لەنێوان دوو دەزگادا لێرەدا یەک لاین هەیە ئەویش پەرلەمانە. بۆیەش گرنگەخەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەو ڕاستیەبن کەبەرپارەکەی سەرۆکی پەرلەمان تەواو نایاساییە چونکە لەکاتی هەلگرتنی پارێزبەندی لەسۆران عومەر بە ڕێکاری یاسایی بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کراوە تەنها مەبەست یەکلاکردنەوەی کەیسەکانە لە بەداخەوە بابەتەکە زیاد لە پێویست گەورەکراو بۆ مەرامی سیاسی بەکارهات تا سەردەنجام لەژێر فشارێکی زۆردا سەرۆکی پەرلەمان بڕیارێکی نایاسایی دا بۆهەلوەشاندنەوەی پارێزبەندیەکە کەهیچ بەهایەکی یاسایی نیە چونکە پەرلەمانی کوردستان بەپێ ی پەیرەوێکی تایبەت بەخۆی کارەکات کەخودی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان ئەندام بووە لە نوسینەوەی پەیرەوەکەدا کە

هیچ دەقێکی یاسایی یان پەیرەوی نیە کە دەسەلاتی پێبدات تاپارێزبەندیەکەی بۆگەرێنێتەوە چونکە تەنها بەم ڕێگایانە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین پارێزبەندیەکەی بۆدەگەڕێتەوە:

1- لەبەرئەوەی پارێزبەندی بەدەنگدان لێیوەرگیراوەتەوە وبەدەنگدانیش پێیدەڕێتەوە - ئەمەش کارێکی ئەستەمە.

3- داواکەی لەدادگا کۆتای پێبێت ،ئەگەر سکالاکار تنازلی کرد بەڵام مافی گشتی دەمێنێت لەبەر ناوزراندن بە دەزگایەکی گرنگی ولات کراوە کە ئەنجومەنی وەزیرانە.

3- ئەگەر داواکەی بردەوە بێگومان رونادات چونکە تاوانی تەشهیری کردووە .

4- بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم 2008ی بەرکار ،تەنها لەبابەتی احتکام رای ئەنجوومەنی شورا الزامی دەبێت کە ناکۆکی هەبێت لەنێوان دوو دەزگادا لێرەدا یەک لاین هەیە ئەویش پەرلەمانە. بۆیەش گرنگەخەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەو ڕاستیەبن کەبەرپارەکەی سەرۆکی پەرلەمان تەواو نایاساییە چونکە لەکاتی هەلگرتنی پارێزبەندی لەسۆران عومەر بە ڕێکاری یاسایی بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کراوە تەنها مەبەست یەکلاکردنەوەی کەیسەکانە لە

لەدوای ساڵی 2003وە بە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەوترا (کوردستان دەروازەیەکە بۆ عێراق)

...

بەئەندازەی حزبەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەم کابینەیە یەکێتی و گۆڕانیش پشکیان هەیە و خۆیان پێ خاوەنی حکومەتە، ئاخر ناکرێ یەکێتی سەرکردایەتییە نوێکەیەوە و جەماوەرەکەی و گۆڕانیش بە(بەشێکی) سەرکردایەتی و جەماوەرەکەیەوە پێیەکیان لەحکومەت بێت و لای خەڵکیش دژی حکوومەت بن؟!، ناکرێ لەحکومەت بیت و هەر کە خوا ڕۆژ بکاتەوە میدیاکانت بۆ دژایەتی حکومەت بەکاربهێنی! بەشێکی پەڵەمانتارەکانی یەکێتی و گۆڕانیش لەبەغدا وەک دوژمن سەیری حکومەتی کوردستان دەکەن!!.

بۆ ئەگەری یەکەم خودی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و بە هەموو توانا و ووزەی پارتیشەوە لەسەر خەتن بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم جێبەجێ کردنی کارنامەی حکوومەت و پارتی لەهەموو لاینێک زیاتر شانی داوەتە بەر بەرپرسیارەتی و دڵنیاشم ئەم قۆناغە سەختە کاتییە و تێ دەپەڕێنرێت و دواجار کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر سەردەکەوێت.

بۆ ئەگەری دووەم خوا نەخواستە حکومەتی هەرێم نەتوانێ کارنامەی خۆی کارابکات ئەوا بە زیانی هەموو خەڵکی کوردستان و شادمانی ناحەزانی هەرێمی کوردستان تەواودەبێت.

ڤایرۆسی کرۆناش مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم تەواوی جیهان و عێراق و کوردستانیش بەدەر نیە لە جیهان ، من دڵنیام دوای دۆزینەوەی پێکوتەی ئەم ڤایرۆسە لە جیهان ، بارودۆخ بەرەو ئاسای بونەوە دەڕوا، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمیش هەنگاوی جدی و هەوڵی چڕ دەدات بۆئەوەی ئابووری هەرێم چاک بکات و نێستاش لەسەرجەم بوارەکاندا خەریکی هەنگاونانە. دڵنیام حکوومەتی هەرێم سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێ ئەو سەرکەوتنەش لەچەند مانگی داهاتوو دەبینین ، ئەرکێکی نیشتیمان پەروەری و ئەخلاقی خەڵکانی ووشیارو بەئاگا و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیایە کە بەرپرسیارانە مامەڵەبکەن و دوور کەونەوە لە ووروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک بۆ مەرامی سیاسی ، با لەبری تیروتانج گرتن لە حکومەت هەمووان پشتیوانی بین و هانی هەنگاوە باشەکانی حکومەتی هەرێم بدەین بەرەو چاکسازی و بە دامەزراوەی کردن و شەفافیەتی زیاتر ، حکومەتی هەرێمیش بە بەرپرس وخەمخۆر بزانین لە دابینکردنی نان و ئاوی خەڵک ، بە چاوی باوک بڕوانینە حکومەت و نەبینە مایەیی ناشرینکردنی کارەکتەرو کەسایەتیەکانی سەرۆکایەتی حکومەت، بەڵکو ئەگەر داواکاریشمان هەبوو بەنازی کورِ و باوک داوابکەین، نەک بێین تایە بستێنین و ڕێگاوبان دابخەین و دەست بۆ مالّ و مولّکی گشتی ببەین و باری حکومەت گران تر بکەین.

ئەرکی حکومەت وئۆرگانەکانی حکومەتیشە بەرپرسیارانە مامەڵە بکات وداوا ڕەواکانی خەڵک و موچە خۆران وەک خۆی ببینێ و هەوڵەکانی چڕو پڕ بکاتەوە بەپەلەش بکات بۆ ئەوەی ژیانی خەڵک ئاسایی ببێتەوەو هاوکاری کاسبکاران بێت بە گرتنە بەری ڕێو شوێنی خۆ پاریزی تەندروستی تا خەڵکیش بتوانێ ژیانی بەڕێوە بچێ و خزمەتگوزاریەکان بەباشی بگەیەنێتە سەرجەم شاروشارۆچکەو گوندەکان.

لایەنە سیاسیەکانیش پێویستە لەبری ئەم هەموو دژایەتی و دوو بەرەکیەی ناومالّی کورد هاوڕاو کۆک و تەبا بن و برایەتی هەڵبژێرن و پێکەوە قۆڵی لێ هەڵمالّن و ئاوێک بکەن بەئاگری دووبەرەکی و دەهۆڵی شەڕی ناوخۆ بدڕێنن و هەموومان پێکەوە لەکاسەی ئاشتیدا نانی ئارامی بخۆین جگە لەمە بژاردەیەکی ترمان لەپێش نیە چونکە هەموومان ڕێگای ترمان زۆر تاقی کردەوە ، جگە لەمالّ وێرانی هیچی لێ بەرهەم نەهات ، با هەموومان شکست بکەین بەسەرکەوتن و نائومێدی لەگۆڕ بنێین و بە ئومێدەوە داهاتوو ببینین و پشتیوانی هەنگاوەکانی سەرۆک وەزیران بین بۆ چاکسازی و بەرەوپێش بردنی کوردستان و هەناسەیەکیش وەبەر ئەم میلەتەدا بێتەوە.





شڤان غازی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ل کاودانێت نەخوش هێڤیێ دزڤرینیت

مللەتێ کورد ل سەرانسەری جیهانێ ستەم لێ دهێتە کرن ب هەمی ڕەنگان تایبەتی ل هەر چار پارچێن کوردستانێ ، ل جیهانێ هەمیێ مللەتەک هەیە چل ملیون کەس و پێتەهل بیت بێ دەولەت بیت ، ئەم مللەتەکێن چ جارا مە هێرش نەکریە سەر چ وەلاتان نەبوویە جهێ مەترسیێ بو چ وەلاتان لێ مە ئێک ئاریشە هەیە ئەم هەردەم دبینە دوو بەر و پێتەهل و دژی ئێک هەلسوکەفتێ دکەین دوژمن و ناحەزێت مللەتێ مە گرنگی ب جاش و خوفروشان ددەن لەورا ئەم بخو دبنینە رکابەر دژی ئێک ل جهێ ئەم پشتەڤانیا ئیک بکەین خو تاوانبار و دژاتیا ئیک دکەین ، وەلات کەنگی ئاڤا دبن دەمێ دلسوز زور بن و هەستێ نەتەوایەتی ژ ترس و برساتیێ بهێتر بیت و خوراگری ببیتە کەلتور مە بخو هێشتا چ نینە ئەوا مە هەی ژی ئەم یێ بلوکا بن دیواریّ خو دئینە دەرێ ، سەیرە خەلکانەک هەبن ب سەدان سالانە ب هەزاران شەهید ب دەریا خوینێ ئەڤ وەلاتە هاتیە ئاڤاکرن بو مووچەی دڤێن هەرێم هەر نەمینیت ، سەدان کەس و سەرکردە و لایەنێت کوردستانێ یێ حکومەتا مە تاوانبار دکەن و عیراقێ ماف دار دکەن باشە ما ئەم پرسیار ژخو نەکەین ئەگەر ژلایێ کارگێری کارێ مە بکەڤیتە دەستێ حکومەتا عیراقێ و ئابوریّ مەژی بکەڤیتە دەستێ واندا بێتی ئەو مافێن مە یێن رەوا ل دەستوری هاتینە دانان دابین بکەن مە دێ چ بها مینیت ، راستیەکێ من دڤێت بێژم ئەف دلسوزیا دەف سەروکێ هەرێما مە هەی بو مللەتێ خو ئەگەر سەروکێ هەر چ وەلاتەکێ پێشکەفتیێ جیهانێ با دا مللەت وی خو بو حەلینن ، ل هەمی کاودانێت نەخوش سەر هەرێما مەدا دهێت ئەو گرێیێن نەڤەبن نێچیرڤان بارزانی ب دلسوزانە دهێتە سەر خەتی و کاریزما و کەساتیا وی بخو دبنە ئەگەر بو چارەسەرکرنا ئاریشەیان بو هندێ کو مللەتێ کورد ل نەهامەتیان قورتالکەت خو هەوجەیی زور وەلات و سەرکردێن جیهانێ دکەت و روژهەلاتا ناڤێن بێی هزر ل پێگەها خو بکەت و هەر تشتەکی قبول دکەت بێی کەرب و کین داکو چارەسەریا بارودوخی بکەت و میژو شاهدە مەزنترین ئاریشەیان ب ئاسانترین ڕێک چارەسەر دکەت چونکی ژ لایێ دبلوماسی زورێ ب هێزە خودانێ مەزنترین پەیوندییێن نیڤ دەولەتی یە ، هەر دوهی شەڤ ب جانترین شێواز دگەل هەردو جێگرێن خو وەک شاندەک بناڤێ هەرێما کوردستانێ گەهشتە بەغدا و هەمی مللەتێ کوردستانێ چاڤەرێی پێنگاڤێن وی شاندی نە هەر ئەڤرو ل بەغدا باشترین سەردان ئەنجامدایە دگەل سەروکێ عیراقێ و سەروک وەزیران و سەروکێ پەرلەمانی دیسان دێ زورەیا سەرکردەییێن شیعەیان بینیت بو هندێ کو ئاریشەییێن هەلاویستی دنافبەرا هەرێمێ و عیراقێ بدیاهیک بینیتێ داخازێ سەرکەفتنێ بو دخازین و هەر سەرفرز بیتێ دڤێن ئەم مللەت ژی سوپاسداریّ ڤان هەلویستێن وی یێن جامێرانە بین و پشتەڤانیا سەروکێ خو بکەین و مە باوەریەکا مەزن پێ هەبیتێ ، دڤێت خەلکێ شەرەفمەندێ کوردستانێ ب ئێک دەنگ بێژن مە کەرامەت دڤێت و ئەم بگەهینە وێ باوەرێ کو وەلاتێن دوروبەرێت مە یێ دژاتیا مە دکەن بێی کو مە چ مەترسی بو وانا هەبیت چێنابیت مە باوەری ب دەسهەلاتا خو نەمینیت نەکو دێ زەرێ بینین خو فروش و خاک فروش مە هەر هەبوینە و دبنە پالە بو دوژمنان و پیروزیێن مللەتێ مە ل پێش چاڤێن خەلکی رەش دکەن لێ دڤێت ئەم پێکڤە خوراگربین و مە باوەری ب دەستهەلاتا هەرێماخو هەبیت راستە خراب و خرابی هەنە دڤێت ل ئایندەیەکێ نێزیک ئەوژی بگەهنە سزایێن خو و دێ هەرێم ڤان کاودانا ژی دەرباز کەت و پێشترکەڤیت وە باوەری هەبیت خەلکێ ڤێ عیراقا ئەم دبینین یێ ئومێدێ دخازن وەکی مە دخوشیێ دابن.

کارەکەی سەرۆکی پەرلەمان تەواو نایاساییە



وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی بەپێ ی مادەی (24) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەری پەلەمانتار هەڵگیرا کەئەمەش شتێکی یاسایی و پەیرەوییە چونکە پەرلەمانتار نوێنەری میللەتە ئایە میللەت بەرامبەر دادگا پارێزبەندی هەیە تاپەرلەمانتاریش هەیبێت بۆیەش دەبێت بەر لەهەموو کەس پەرلەمانتار زیاتر پابەندی یاسا بێت، کەچوونی پەرلەمانتار بۆ بەردەم دادگا ، دیاردەیەکی مەدەنی و مۆدێرنە.

بەداخەوە بابەتەکە زیاد لە پێویست گەورەکراو بۆ مەرامی سیاسی بەکارهات تا سەردەنجام لەژێر فشارێکی زۆردا سەرۆکی پەرلەمان بڕیارێکی نایاساییدا بۆهەلوەشاندنەوەی پارێزبەندیەکە کەهیچ بەهایەکی یاسایی نیە چونکە پەرلەمانی کوردستان بەپێ ی پەیرەوێکی تایبەت بەخۆی کارەکات کەخودی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان ئەندام بووە لە نوسینەوەی پەیرەوەکەدا کە

هیچ دەقێکی یاسایی یان پەیرەوی نیە کە دەسەلاتی پێبدات تاپارێزبەندیەکەی دادگا کە لەبنەڕەتداوەرگرتنی مۆڵەتە بۆئەوە نەچۆن پێشمەرگەیەک داوایکی لەسەربێت تامۆڵەت لەوەزارەتی پێشمەرگە وەرنەگیرێت ناچێتەبەردەم دادگا بەهەمان شێوەیەش ڕۆژنامەنووس وپارێزەرێکش کەئەمەش یەکەمجارنیە کە پارێزبەندی لەسەرپەرلەمانتار هەلدەگیرێت لەخولی سێیەمیش داپەرلەمانتار هەبووە پارێزبەندی لەسەر هەلگیراوەکە بەم شێوەیە دەتوانددرێت زیاتر دیموکراسیەت بچەسپێندرێت.

نابێت ئەمەش والێک بدرێتەوە کەزۆرینەی پارتی بێ هۆکار ئەم ڕەفتارەی کردووە بەڵکو ئەم کێیسێکی یاساییە و دەبێ بەپێی یاسا و پرەنسیپەکانی داوەری و دادگەری ڕەفتاری لەگەڵ دابکرێ دوور لە موزایەدەی سیاسی و بەسیاسی کردنی کێیسێکی یاسایی، بەڵکو فراکسیۆنی پارتی هەمیشە یاسایی دژ بەبابەتێکی یاسایی بوەستێتەوە نەک وەکو ئێستا لە ژێرکاریگەری حزبی بۆ بەرژەوەندییەکانی لایەنێکی سیاسی بریارەکە بکاتە قوربانی شەرعیەت و شکۆمەندی پەرلەمان.

دووەم: کەلەپەرلەمان پەیرەوێکی تایبەت بەکاروباری پەرلەمانی هەیە بۆئەوەیە کەکاری پێ بکرێت و پەیڕەوبکرێت بەپێی ماددەکان مامەلەلەگەڵ ئەندامەکانی بکرێت. گەرنا پەیرەوەکە زیادە و پێویستە هەڵبوەشێندرێتەوە ئەوەی لەبابەتی سۆران عومەریش کراوەتە تەنها جێ بەجێکردنی چەند ماددەیێکی پەیرەو بووە تا پەرلەمانتار بە مسۆلیەت قسە بکات و بە بێ بەڵگە تۆمەت ئاراستەی هیچ کەس و دامەزراوەیەک نەکات. گەرواشی کردەبێ دەبێ تەحەمولی دەرەنجامەکەی بکات.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای نهج العراق جۆری ئۆتۆمبێل کریت وول پیك اب/ دبل قەمارە یەك تەن ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٠٦٩ کاتی دهوك ژمارەی لاشە شاصی: LGWDB٣١٧٠KB٦١٢٥٤٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی قوشتەپە ژمارەی پسوولە ٠٧٦٤٢٦٢ بەرواری ٢٠١٩/٩/٣٠ بەبری ١٠٠٠٠٠٠ بەناوی عبدالهادی هتلر ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٨/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/١٨
ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کڕینا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕینێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کڕیدانا (وێستگەها گردەسین یا سوتەمەنی) ئەوا دکەفیتە ل بەشەك ژ پارچە ئەردێ ژمارە (٣/٢) کەرتێ (١٠١/ماملیان) روویەرێ (٥٠٠٠)م٢ بو ماوێ (٣) سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا گردەسین بکەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا گردەسین ل دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێقەبەرێ گشتی

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٩٠/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٦/١٧
ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ سیهان حمد علی/ یا ناڤێ دەیکا وی (خمی فرخو) دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٩٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سێمێل ب هژمار ٢٠١٩/٢١٥ ل سەر مادەێ ٣/أ ژ یاسا (البغاء) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٩/١٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٩٩/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/٦/١٧
ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ وحیدة محمد بشیر امین/ یا ناڤێ دەیکا وی (باکزە حسن)
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٩٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سێمێل ب هژمار ٢٠١٩/١٥٤ ل سەر مادەێ ٢٨٩ – ٢٩٨ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٩/١٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

* * *

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٤٤/کەتن/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٠
ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکری (داود خدیدة سلیمان) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ١ ئێك سال لدیڤ بەندێ ١/٤٥٦/أ ژ یاسا سزا و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تو بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خو دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساێیدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە بەرسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێلێ

* * *

فەرمانگەی دادنووسی
(یەکەمی هەولێر)
ئاگەداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ادریس یاسین حمدامین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای مخمور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- دوودانە تێکردنی زەیت بۆ ناو بوطل بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢* ٥,٥.
٢- میکسەری خەزن و تێکەڵکردنی زەیت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٣- لێدانی بەرواری دەرچوون و بەسەرچوون بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A ٢.
٤- هێلی دانانی قەپاغ و لێدانی لەزگە و بەسێت کردن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی ٢ پارچەیی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W١٠.

* * *

ڕێکخراوی ئەهلی ویلایەت/ هەولێر
ژمارە: م/٣١٨
میژوو: ٢٠٢٠/٦/١٨
جاردان
بۆ ئاگادارکردنەوەی (محسن مسعود موسی) کە شوینی نیشتەجێبوونی نادیارە.
لەسەر داوای (صوفیا اکبر اسماعیل) بو جیابوونەوە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ بۆ ئاگادارکردنی و ئامادە بووم لە نوسینگەی ئەهلی ویلایەت (اهل الولایة) لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٨ کە ئامادەبیت بەپێچەوانەم جیابوونە بە پاشملە وە ئاشکرا وە بەحضوری شاهید ئەنجام دەدرێت.

مدیر مؤسسة اهل الولایة
الشیخ بشیر عادل گلی

* * *

فەرمانگەی دادنووسی
(یەکەمی هەولێر)
ئاگەداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (حسن خورشید خلیل) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ڕێگای دارەتوو) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- تێکردنی زاهی و پاککەرەوە. بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ ٥ خەزان.
٢- دانانی قەپاغ و لەزگە لێدانی حرارِی بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ دوو پارچەیی
٣- میکسەری تێکەڵکردنی مەوادی پاککەرەوە بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥
٤- کۆمپرێسەری هەوایی ژمارە/ ٣٩٢ دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥
٥- مۆلیدەی کارەبایی ئینگلیزی بێ ژمارە، دروستکراوی ئینگلیزی، مۆدێلی ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A٥٠ پێرکنس

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە/ ٧٣/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو کرم مسیس کریم شوێنی نیشتەجێبوون نادیار
داواکار شێروان سعدی حسین داوای ژمارە ٧٣/ب/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای دانەوەی پارە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کاریز بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٩ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقتان بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

بەرێوەبەرایەتی گشتی خانووبەرە
تومارکردنی
ڕێقەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ
تومارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری: ٢٠٢٠/٢/٢٤ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە
بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (١٩٣/٤) کەرتی (١٤ عباسة)
بە ناوی (ورثة علی بطال جمبلی) کە لە ژێر دەستییەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی
و بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماۆکردنی خانووبەری
ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە ، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاتنی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

ا سماء الورثة:
١- گلي سليمان حسن
٢- حاجي علي بطال
٣- سگڤان علي بطال
٤- عادل علي بطال
٥- خالد علي بطال
٦- سندي علي بطال
٧- كوڤان علي بطال
٨- حياة علي بطال
٩- نازدار علي بطال

يونس محمد أحمد
ڕێقەبەر
٢٠٢٠/٦/٢٢

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٥٨٠٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سی و دوو) بۆ خانووبەرە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سی و دوو) بۆ خانووبەرە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هەنگاو صدیق احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٥٧٥١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئارا)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئارا) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هەنگاو صدیق احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئارا) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – راستی نوێ)
پاکتاوکار/ هەنگاو صدیق احمد
ناونیشان/ هەولێر/ راستی نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٤٩٩٧٥
ئیمیل: hangawmarzani@gmail.com

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سی و دوو) بۆ خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – راستی نوێ)
پاکتاوکار/ هەنگاو صدیق احمد
ناونیشان/ هەولێر/ راستی نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٤٩٩٧٥
ئیمیل: hangawmarzani@gmail.com

www.xebat.net
ژمارە (5959) 2020/6/23 سێ شەممە

ڕێنمایی بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)

- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەپێستی ساغ تێناپەڕێت و تا 10 خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.
- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەسەر پارچە قوماش 6 تا 12 کاتژمێر و ئاسن 12 تا 20 کاتژمێر و لەسەر ستیل تا 20 ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئەم ڤایرۆسە تا 60 پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی 30 پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.
- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.
- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخون، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.
- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.
- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.
- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی 10 تا 15 چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن.
- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە.
- دوای شوشتنی دەستەکانتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی ناڕۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تاوەکو توشی ئەگزیمای پێست نەبن.
- جلوبەرگ وا باشە لەبەرتیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆرۆنا



1 - گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەدەمی نەخۆشەوە بەهۆی پژمین یان کۆکین.
2 - گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ (بەهۆی دەست لێدان لە کەلوپەل یان دەم و چاو).
3 - تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبووان.
4 - خواردنی چێشتێك کە باش نەکوڵابێت.

چۆنیەتی خۆپاراستن


شوشتنی دەست بەئاو و سابوون بەبەردەمی


داپۆشینی دەم و لوت لەکاتی پژمین و کۆکیندا


کوڵاندنی خواردن بەباشی


دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشانەکانی کۆکین و پژمین و تەنگەنەفەسیان هەیە

نیشانەکانی تووشبوون


بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە


کۆکە و پژمین


تەنگەنەفەسی

شێوازی دروستی پۆشینی ماسك


دەم و لووت بەتەواوەتی دابپۆشێ


ماسك تەنها یەکجار بەکاربهێنە


لەکاتی پۆشینی ماسکدا دەستی لێمەدە


ماسکەکەت بگۆڕە ئەگەر شێداربوو


هەرگیز ماسکی قوماش بەکارمەهێنە


دوای لابردنی ماسك دەستت بەئاو و سابوون بشۆ

کەی پێویستە دەست بشۆین؟



شێوازی دروستی دەست شووشتن



سابوون بخەرە سەر دەستت



دەستەکانت بخەرە سەریەك



دەستەکانت لێك بخشێنە و ناو پەنجەکانت بیر نەچێت



بەپەنجەکانی دەستی ڕاست پشتی دەستی چەپ و ناو پەنجەکانی بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



چواردەووری پەنجەکان بەناو لەپ بشۆ



بەسەر پەنجەکانی دەستی ڕاست ناو لەپی دەستی چەپ بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



دەستەکانت ووشك بکەرەوە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1941:
ئەڵمانیا دەستی بە هەڵمەتی داگیرکردنی خاکی یەکێتی سۆڤیەت کرد .



سالی 1985:
فڕۆکەیەکی سەر بە کۆمپانیای فڕۆکەوانی هیندی لە کەناراوەکانی ئێرلەندا کەوتەخوار و 329کەس گیانیان لەدەست دا.



سالی 1989:
پایەی سەرۆکوەزیران لە ئێران هەڵگیرا.



سالی 2012:
لە سووریا حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی ریاز حیجاب راگەیەنرا.



سالی 2016:
حکوومەتی کۆلۆمبیا و هێزە شۆڕشگێڕە چەکدارەکان رێککەوتنی ئاشتیان مۆر کرد.



سالی 2017:
حکوومەتی سعودیە لە شارەکانی جدە و مەککە شکستی بە ژمارەیەک کردەوەی تیرۆرستی هێنا .



لیبیا ...

ئایا نەوەی عوسمانی و فەرعونەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە؟

یونس حەمەد – ئۆسلۆ

دوای ئەوەی موعەممەر قەزافی سەرۆکی ئەوکاتی لیبیا لە ئۆکتۆبەری 2011 لەلایەن هاوڵاتیانی خۆیەوە بە درندەترین شێوە کوژرا ،ئەم مێژووە بە پێچەوانەوە بۆ گەلی لیبیا گەڕایەوە بە تایبەت دوای ئەوەی بە ئاشکرا ئەم وڵاتە بۆ چەندین ولایەت و ناوچە پارچە و دابەش بوو ، سەرەڕای دوای ئەوەی نەمانی قەزافی لە وڵات هەڵبژاردن ئەنجام درا ، بەڵام کێشە و ئاڵۆزییەکان لەو ساتە مێژووەوە تا ئێستاش لە گۆڕەپانی لیبیادا درێژەی هەبووە.

لیبیا لە باکووری ئەفریقیا ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیە ، لە ڕووی ئابووریەوە هەمیشە یەکێک بووە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان ، خاوەن نەوت و پەترۆلێکی یەکجار زۆرە وێڕای یەدەگێکی زۆری لە نەوت و کانزا و زێڕی هەیە ، ئەم ئاستە بەرزەی ئابووری و ئیکۆنۆمییەی لیبیا وای کردووە لەلایەن وڵاتان ئاماژەی تایبەتی بۆ بکرێت ،هەروەها چاو بخرێتە سەری.. ئاڵۆزییەکان تادێت بەرفراوانتر دەبێت و گەیشتوتە ئەو خاڵەی کاریگەری لەسەر ژیان و باری کەسی و ئابووری هەبێت ، وێڕای ئەوەی ببێتە گۆڕەپانی ململانێی کۆن و نوێی وڵاتان ، ئەگەرچی بۆ ئاسایی بوونەوەی ڕەوش و بارودۆخی لیبیا چەند کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ساز و بەڕێوەچووە وێڕای چەندین بڕیاریش لەمبارەیەوە دەرچووە ،کەچی دەبینرێت هیچ لەو کۆنگرە و بڕیارانە کاریگەری لەسەر ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکەدا نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاڵۆزتر گرژییەکان پەرەیان سەندووە .. تورکیا پشتگیری لە حکوومەتی بزووتنەوەی ویفاق دەکات کە سەر بە ئیخوانەکانن و لە ئەنقەرە نزیکە،هەروەها بە بیانوی بوونی کەمایەتیەکی تورکی لە لیبیا ڕاستەوخۆ هاتنە ناو جەنگەکە بە هێزی سەربازی و تەقەمەنی پاڵپشتی خۆی بۆ حکوومەتی ئەلسیراج نیشاندا و دەربڕی ، لە هەموشی گرنگتر ڕێککەوتنی نەخشەی سنووری نێوان هەردوولا مۆر کرا و نیگەرانی تووندی لەلایەن میسر و یۆنان و قوبرسی یۆنانی هەتاوەکو فەرەنسا‌شی لێ کەوتەوە ، لەملاشەوە ئەفسەری دێرین و خانەنشین (خەلیفە حەفتەر) بە پاڵپشتی میسر و ئیمارات زۆر بە هێزەوە لە گۆڕەپانەکەوە بەدیارکەوت تا هێزەکانی تورکیا نە گەیشتبوون تووانی سەرکەوتنەکانی سەربازی لەسەر زەوی فراوانتر بکات، عەبدولفەتاح ئەلسیسی سەرۆکی میسر هەرزوو درکی بە مەترسی ڕێککەوتنی تەرابلوس و ئەنقەرە کرد ،لەمبارەیەوە داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد سنوورێک بۆ ئەنقەرە دابنرێت و ڕێگای پێنەدرێت هێز بۆ پشتگیری حکوومەتی ئەلسیراج ڕەوانە بکات، چونکە ئەلسیسی دەیزانی بە هاتنی ڕاستەوخۆی تورکیا بۆ گۆڕەپانەکە خەونی ئۆزد دووبارە هاتنەوەی سیستەمی خیلافەتی عوسمانی بۆ باکووری ئەفریقیا زیندوو دەبێتەوە،بەمەش جیهان بە گشتی و ناوچەکەش بەهە تایبەتی دووچاری کێشەیەک دەبێت کە چەندین دەیە یاخود سەدە دەخایەنێت و ئاڵۆزییەکان بەبەرچاوی جیهان بەرفراوانتر دەبن .. میسر تائێستاش لە هەموو ڕوویکەوە خۆی بە خاوەن و بڕیارانە کاریگەری لەسەر ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکەدا نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاڵۆزتر گرژییەکان پەرەیان سەندووە .. تورکیا پشتگیری لە حکوومەتی بزووتنەوەی ویفاق دەکات کە سەر بە ئیخوانەکانن و لە ئەنقەرە نزیکە،هەروەها بە بیانوی بوونی کەمایەتیەکی تورکی لە لیبیا ڕاستەوخۆ هاتنە ناو جەنگەکە بە هێزی سەربازی و تەقەمەنی پاڵپشتی خۆی بۆ حکوومەتی ئەلسیراج نیشاندا و دەربڕی ، لە هەموشی گرنگتر ڕێککەوتنی نەخشەی سنووری نێوان هەردوولا مۆر کرا و نیگەرانی تووندی لەلایەن میسر و یۆنان و قوبرسی یۆنانی هەتاوەکو فەرەنسا‌شی لێ کەوتەوە ، لەملاشەوە ئەفسەری دێرین و خانەنشین (خەلیفە حەفتەر) بە پاڵپشتی میسر و ئیمارات زۆر بە هێزەوە لە گۆڕەپانەکەوە بەدیارکەوت تا هێزەکانی تورکیا نە گەیشتبوون تووانی سەرکەوتنەکانی سەربازی لەسەر زەوی فراوانتر بکات، عەبدولفەتاح ئەلسیسی سەرۆکی میسر هەرزوو درکی بە مەترسی ڕێککەوتنی تەرابلوس و ئەنقەرە کرد ،لەمبارەیەوە داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد سنوورێک بۆ ئەنقەرە دابنرێت و ڕێگای پێنەدرێت هێز بۆ پشتگیری حکوومەتی ئەلسیراج ڕەوانە بکات، چونکە ئەلسیسی دەیزانی بە هاتنی ڕاستەوخۆی تورکیا بۆ گۆڕەپانەکە خەونی ئۆزد دووبارە هاتنەوەی سیستەمی خیلافەتی عوسمانی بۆ باکووری ئەفریقیا زیندوو دەبێتەوە،بەمەش جیهان بە گشتی و ناوچەکەش بەهە تایبەتی دووچاری کێشەیەک دەبێت کە چەندین دەیە یاخود سەدە دەخایەنێت و ئاڵۆزییەکان بەبەرچاوی جیهان بەرفراوانتر دەبن .. میسر تائێستاش لە هەموو ڕوویکەوە خۆی بە خاوەن و



براگەورە و نوێنەری عەرەب دەزانێت ، لەملاشەوە وەک مێژووی (فەرعۆنەکان) خۆی پێناسە دەکات کە وەک ئاماژەکان بۆی دەچن کۆماری میسر ئەوەی نەشاردۆتەوە بەوەی شانازی بە مێژووی (فەرعونەکان) دەکەن کە بە سەردەمی ناوزەدی دەکەن ، هەروەها ئەوەش لای میسرییەکان گرنگە وەک وڵاتی (دایکی دونیا) ناویان دەرکردووە و ئێستاش نەوەی عوسمانییەکان وردە وردە دێن لە سنوورەکەیان نزیک دەبنەوە ، ئەمەش وەک ئەوەی عەبدولفەتاح ئەلسیسی لە وتارە مێژوویەکەیدا لە سنووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بۆ نمایشی سەربازانی و بە ئامادەبوونی بەرپرس و هۆزەکانی کۆمەڵگای لیبیا پێشکەشی کرد کە چوونە ژوورەوەی هێزەکانی میسر بۆ لیبیا نزیکە یان ئەوەتا خەریکە شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەدەست دێنێت ،وێڕای باسکردنی ناوی هەندێک شاری وەک سرت بە هێڵی سوور، لە وتارەکەیدا شتێک بە جیهان دەڵێت کە عوسمانیی و فەرعۆنەکانی ئێستا بەرەو جەنگێک دەڕۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سەرەتا وەک بینەر تەماشاکەر دەبێت ، بەڵام دواتر نازانرێت چۆن خۆی وێنا دەکات . مێژوویی سیاسی و کۆمەڵاتی نێوان هەردوو وڵات و تا تورکیا و میسر هەمیشە گەرموگوڕیی بەخۆیەوە نەبینیوە ، تەنانەت لە ئابووریشەوە ئەو دەرفەتەیان بەو جۆر و شێوەیە بە خۆیان نەدەداوە کە سوودی بۆ هەردوولا هەبێت .. ڕۆژانی داهاتووی زۆر دێمەن لە گرژی و ململانێی نەوەکانی (فیرعۆن و عوسمانی)یەکان، میسر و تورکیا لە گۆڕەپانی لیبیا دەبینرێت ،بەڵام نازانرێ ئاخۆ کێ براوە دەبێت و دوور نیە دەستێوەردانی ئەمجارەیان لە لیبیا وەک ئەوەی قوبرس و سووریا و زۆر شوێنی دیکە نەبێت ،بەڵکو بە پێچەوانەوە زیانی یەکەمی بەرخۆیان بکەوێت .

پۆلیسی بەریتانیا:

ئەو پەلامارەی لە شارۆچکەیەکی نزیک لەندەن ڕوویداوە، کردەی تیرۆریستی نەبووە



پۆلیسی ناوچەی تێمس ڤالی لەبارەی ئەو پەلامارەی لە شارۆچکەی ریدینگی نزیک لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ڕوویدا، ڕوونکردنەوەی دا.لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە پەلامارەکەدا، سێ کەس کوژراون و سێی دیکەیش بریندارببوون، کەسێکی تەمەن 25 ساڵیش بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە شوێنی پەلامارەکە دەستگیرکراوە.بەرپرسی یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تاوان، یان هانتەر لەبارەی تاوانەکەوە رایگەیاند "تا ئێستا وا نابێندرێت کە پەلامارەکە کردەی تیرۆریستی بێت".هانتەر ئاماژەی بەوەیش دا کە ئەگەرەکانی هۆکاری پەلامارەکەیان هەڵسەنگاندووە و لەو چوارچێوەیەشدا یارمەتیبیان لە تیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وەرگرتووە.ناوبراو جەختی لەوەیش کردەوە کە پەلامارەکە کاری نەژادپەرستانە نەبووە و نزیکەی سێ کاتژمێر دوای کۆتایی هاتنی خڕپێشاندانەکان ڕووبداوە.ئێوارەی هەینی لە شارۆچکەی ریدینگ پەلامارێک بە چەقۆ لە پارکێکدا ڕوویدا.لەو قۆیدیۆیانەدا کە لەبارەی ڕووداوەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بوونەتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی تەندروستیی سێ بریندار دەگەیەنن نەخۆشخانە.سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ، بۆریس جۆنسۆن لە بارەی ڕووداوەکە لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نیگەرانی خۆی لە پەلامارەکە دەربڕیوە.بەشێکی ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکانی بەریتانیاش بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە پەلامارەکە کردەی تیرۆریستی بووە.

www.xebat.net
ژمارە (5959) 2020/6/23 ساڵی شەممە

کێشەی بەنداوی نەهزە



میسر پەنا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبات

وەزارەتی دەرەوەی میسر رایگەیاند، داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە کە بۆ یەکلایکردنی دۆسیەی بەنداوی نەهزە دەستوەردان بکات.ئەمەیش دوای ئەوە دێت قاهیرە، خەرتوم و ئادیس ئابابا لە میانی دانوستانەکانی نێوانیاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆسیەی بەنداوی نەهزە نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک.

لەوبارەیەوە وەزارەتی دەرەوەی میسر راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە داوایەکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی کردووە و بۆ ئەوەی دەستوەردان بکات بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و هاوسەنگ بۆ دۆسیەی بەنداوی نەهزە. لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کراوە هیچ ڕێککەوتنێک، بەنداوی نەهزە پڕ بکاتەوە، لە بەرامبەردا سوودان و میسر ئەو پلانەی ئەسیوپیا ردت دەکەنەوە.بەپێی ڕاگەیەندراوە، بە هۆی ئەوەی قاهیرە، خەرتوم و ئادیس ئابابا لە میانی دانوستانەکانی نێوانیاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆسیەی بەنداوی نەهزە ئەگیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک. بۆیە داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کراوە، دەستوەردان بکات و دۆسیەکە لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا یەکلایی بکاتەوە.لە هەفتەی ڕابردوودا، بە دەرێژی چوار ڕۆژ بەڕپرسانی میسر، ئەسیوپیا ، سوودان و بە ئامادەبوونی چاودێرانی یەکێتیی ئەورووپا ، باشووری ئەفریقیا ، ئەمەریکا لەڕێگەی "قیدیۆ کۆنفرانسەوە" دانوستانیان سەبارەت بە بنەمای پڕکردنی ئاو لە بەندای نەهزە و وەگەڕخستنی بەندەاوەکە، ئەنجام دا، بەڵام نەگەیشتن بە هیچ ڕێککەوتنێکی و هاوبەش.لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی میسردا هاتووە: "سەرجەم هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی بەندای نەهزە شکستیان هێناوە، چونکە ئەسیوپیا ناویەوێت دۆسیەکە چارەسەر بکرێت و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە تاک لایەنە و بەبێ هیچ ڕێککەوتنێک بەندای نەهزە پڕ بکاتەوە.هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەوبارەوە لە لایەن ئەسیوپیا و سوودانەوە بڵاونەکراوەتەوە.



پێناسەی وڵاتان

هۆنگ کۆنگ

ناوی فەرمی : هۆنگ کۆنگ.
کیشوەر: ئاسیا.
پێگەی جوگرافی: دەکەوێتە باشووری چین لەسەر کیشوەری هێمن ، لە ڕۆژئاوا تایلاند و ڤێتنام هەن.
سیستم: بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەت کە لەلایەن حکومەتی چینەوە سەرپەرشتی دەکرێ.
پایتەخت: ڤیکتۆریا.
ڕووبەر: 1.077 کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: 7.451.000 کەس.ش
ئاین: کۆنفۆشی ، بودهی ، توهی.
دراو: دۆلاری هۆنگ کۆنگ.
زمان : ئینگلیزی ، چینی.



کاریکاتێر



مانشێت



ئیندیپێندێنت:
ڤلادیمێر پوتنی سەرۆکی ڕووسیا رایگەیاند هێشتا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە ئاخۆ جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید دەکاتەوە یان نا.



ئۆبزێرڤەر:
سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپای یۆنان ئەگەری بەڕابوونی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ سوپای تورکیای بەدوور نەزانی.



سکای نیوز:
کۆشکی سپی ڕایگەیاند لەوانەیە دۆناڵد ترەمپ و مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا کۆ ببنەوە.



ئەی ئێف پی:
پۆلیڤیا بڕیاری دا لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەری داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام بدرێتو



ئیلاف:
لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا ژمارەیەک خۆپیشاندەر هەڵیانکوتایە سەر کۆمەڵێک مۆڵ و تۆندوتیژیی لەگەڵ پۆلیس ڕوویدا.



بی بی سی:
حکوومەتی سەراج وتارەکەی سەرۆکی میسری وەک ڕاگەیاندنی شەڕ وەسف کرد.



تەنۆکەی سپی لەسەر تەماتە

لە نێو خانووی پلاستیکی و کێڵگەی کراوەکاندا نەخۆشیی تەنۆکەی سپی زۆر باوە لەسەر هەر یەک لە بەروبوومەکانی تەماتە و بیبەر کە بە بەروبوومی بازرگانی دادەنرێن، لەسەر تەماتە بە شێوەیەکی فراوان پەرە دەسێنێت لە پەروەردەی نێو خانووی پلاستیکی و تونێلدا، دەگاتە ئاستی نەخۆشییەکانی کاریگەر لەسەر بڕی بەرهەم و ناپەسندی بەرهەم.

نیشانەکانی: نەخۆشیی تەنۆکەی سپی ماوە ماوە لەسەر گەڵا و لقی تەماتە دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە بارودۆخی ژینگەیی گونجاو بۆ بڵابوونی دێتە ئاراوە، دەبێتە هۆی مردن و وشک بوونی گەڵا زۆر توشبووکان و لە ئەنجامدا بەرهەم کەم دەکات.

ئەو تەماتانەی راستەوخۆ توشیی تەنۆکەی سپی هاتوون تامەکەیان ویستراو نابێت و جیاوازە لەو تەماتە ساغ و تەندروستەی کە توشیی تەنۆکەی سپی نەهاتووە و گەڵاکانی بە شێوەیەکی دروست کرداری ڕۆشنە پێکهاتن ئەنجام دەدات، زۆر جار بەرهەمەکە هەتاو بردوو بووە بەهۆی تەنکی ڕووپۆشی ڕووەکی کە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کەم بۆتەوە.

هۆکارەکان: ئەو کەڕوانەی هۆکارن بۆ تەنۆکەی شپی لە تەماتەدا جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی دووچاری بەروبوومەکانی دیکە دەبنەوە وەک کوولەکییەکان و تریێ و گوڵ و بەزالیا.

کەڕووی جۆری Oidium Lycopersici یان Leveillula هۆکاری توشبوونی تەماتەن بە تەنۆکەی سپی.

کەشوهەوای نموونەیی و ماوەی چالاکبوونی کەڕوو: تەنۆکەی سپی لە کەشوهەوای گەرم و شێدار گەشە دەکات.

نیشانەکان: پەڵەی ناڕێک لەسەر ڕووی خوارەوەی گەڵا کۆنەکان دەردەکەوێت و دەبینرێت. بە پێشکەوتنی نەخۆشییەکە کەڕووی سپی دەگاتە سەر ڕووی سەرەوەی گەڵاکان، نیشانە تونەکە بریتییە لە گۆڕینی ڕەنگی گەڵا توشبووکە بۆ ڕەنگی قاوەیی پاشان سیس دەبێت و دەمرێت و دەوەرێت.

بەرەنگاربوونەوە: یەکەم: چاندنی تەرزی بەرهەڵستکار. دووەم: لەو مانگانەی ئەو کەڕووە زۆرە چاندن ئەنجام نەدرێت.

سێیەم: ڕووکەکە بە قڕکەرەی تایبەت بە تەنۆکەی سپی بڕشێندرێت بە مەرجێک هەمان قڕکەر دووبارە نەبێتەوە لە کاتی ڕشاندنەکانی دوایی دا. چوارەم: ترشە ئەمینییەکان لەگەڵ قڕکەرەکان نارشێندرێن، هەروەها ترشە ئەمینییەکان لەکاتی هەبوونی نەخۆشییەکە نارشێندرێن.

ئامادەکاری بۆ چاندنی گەنمەشامی

گەنمەشامی یەکێ لە بەروبوومە دانەوێڵەیی گرنگەکانە لە جیهاندا، سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ خۆراکی ئادەمیزاد و ئاژەڵ. بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمێکی زۆر و دوورکەوتنە لە توشبوون بە دەرد نەخۆشیی و هەندێک هەنگاو هەیە کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت لە پێش و لە کاتی چاندندا:

یەکەم: تەنها یەکجار زەویییەکە کێڵانێکی قوواڵی بۆ دەکرێت بە قووڵایی 20 - 30سم لەو کاتەی شێ لە خاکدا گونجاو دەبێت بۆ کێڵان، لە کاتێکدا نابێت پاڵەپەستۆ بخەینە سەر زەوی کاتێک ڕادەی شێی بەرزە، هەروەها نابێت خاکەکە وشک بێت لە کاتی کێڵاندا بۆ ئەوەی کەستەک دروست نەکات.

دووەم: ئەگەر بە شێوەی دێراو چاندن کرا ئەوە قووڵایی تۆوەکە لە ژێر خاک لە نێوان 10 - 20سم دەبێت.

سێیەم: ئەگەر چاندن بە شێوەی هێڵ ئەنجام درا ئەوە قووڵایی تۆوەکان لە نێوان 8 - 10سم دەبێت، ئەگەر کەمتر لە 8سم بوو قورس دەبێت سەرجەم تۆوەکان سەرپۆش بکرێن، بەڵام ئەگەر زیاتر لە 10سم بوو ئەوە بڕێکی زۆر ئاو بە فیڕۆ دەڕوات لە کاتی ئاودان دا.



لە ژاپۆن... بەهۆی کەمی هەنگ بۆ پیتاندنی درەخت بڵقی سابوون بەکار دێت

گۆڤاری (ئەی ساینس) باس لەوە دەکات لە ژاپۆن بەهۆی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بڵقی سابوون دەپڕژێنەرێت بۆ پیتاندنی داری بەردار کە بەهۆی هەرەشەی کەمبوونەوەی ژمارەی هەنگ کرداری پیتاندن ئەنجام نادرێت.


(ئەیجیرۆ میاکۆ) مامۆستا لە پەیمانگەی (جاپان ئەدڤانسد ئۆف ساینس) بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئیشی لەسەر بەکارهێنانی ڕۆبۆت کردووە بۆ پیتاندن، بەڵام تیبینی ئەوەی کردوە کە ئەو ڕۆبۆتانە گۆڵەکان لەناو دەبەن بۆیە بیری لەوە کردەوە بڵقی سابوون بەکار بهێنێت.

سەرەتا میاکۆ و هاوڕێکی شیکردنەوەیان بۆ ئەوە کرد ئایا بڵقی سابوون توانای هەڵگرتنی گەردی پیتاندنی گوڵی هەیە، هەردوو زانا 5 ماددەیان بەکار هێنا کە لە بازاڕ دەست دەکەوێت و لە توانایان دایە بڵق دروست بکەن، بۆیان دەرکەوت کە ئەوە باشترین هەڵبژاردەیە بۆ گواستنەوەی گەرد بۆ گوڵەکان.

ئەو دوو توێژەرە گیراوەی پیتاندنیان لە ئامێری دروستکردنی بڵق دانا و باخێکی ئالوبالویان پێ ڕشاند. ئەو ڕێگایە کە 2 هەزار دەنکە هەڵاڵە لە هەر بڵقێک داهەبوو نزیکەی 95%ی گوڵەکانی پیتاند کە پاشان بوون بە بەرهەم.

میاکو دەڵێ: کردارەکە وەک خەیاڵ وایە، بەڵام بڵقی سابوون توانای پیتاندنی زۆر کاریگەرە و بەرهەمیش مسۆگەر دەکات باشتر لەوەی ئەو کردارە بە دەست ئەنجام بدرێت.

چۆن بیبەری مێ و نێر جیادەکرێتەوە و جیاوازیان چیە؟



بۆ ناسینەوەی بیبەری سەوزی مێینە و نێرینە، چەند جیاوازییەک هەیە لێکیان جیادەکاتەوە وەک بەرهەمە مێینەکە 4 بەرزایی لە خوارەوە هەیە کە پڕن لە تۆو، تامی بیبەرەکە شیرینە و شیاوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بە سەوزی بخورێت، بەڵام بەرهەمە نێرینەکان لە بەشی خوارەوەی تەنها 3 بەرزایی هەیە و تەنها بۆ چێشت لێنان بەکار دێت.

هەنگەوانی لە مانگی حوزەیراندا



یەکەم: بە هۆی بەرزی پلەی گەرمییەوە بەیانیان زوو پشکنین بۆ هەنگ دەکرێت.

دووەم: پشکنین بە خێرایی ئەنجام دەدرێت بۆ ماندوو نەکردنی هەنگ و پاراستنی ڕادەی شێی ناو شانەکان.

سێیەم: گرنگیدان بە دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی خاوێن لە نزیک هەنگەکاندا.

چوارەم: لێکدانی پووەرە هەنگی بێ هێز و کەم بەرهەم و پاراستن و چاودێری خڵێفە بەهێزەکان.

پێنجەم: بەردەوام بوون لە قەڵاچۆکردنی دۆزمنە سروشتییەکانی هەنگ وەک (زەنگەسوورە و مێرووڵە و ڕەنگاڵە)

شەشەم: لەو شوێنانەی پلەی گەرمی بەرزە زیادکردنی هەنگ لە ڕێگای دابەشکردنی شانە دەوەستێنرێت.

حەوتەم: لە ناوچە گەرمەکاندا گرنگی بە دروستکردنی سابات دەدەیت بۆ پووەرە هەنگەکان.

هەشتەم: ئێستا لە زۆر شوێن وەرزی دروستکردن و داکردنی هەنگوینە بۆیە نابێت دەرمانی کیمیایی و چارەسەرە کیمیاییەکان بەکار بێت.

دوای رنینی بەرهەم چی بکرێت؟



چەند کردارێک و هەڵسوکەوتێکی پێویست هەیە کە پێویستە جوتیار ئەنجامی بدات بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمێکی باش کە توانای ڕکابەری بەروبوومە هاوشێوەکانی لە بازاڕدا بۆ مسۆگەر بکات و لە ئەنجامدا داهاتێکی باش بەدەست بێنێت. ئەو کردارانە لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەم دەستپێدەکات وەک دەستنیشانکردنی باشترین کات بۆ رنینی بەرهەم و کۆتایی دێت بە گەیاندنی بەروبوومەکە بۆ عەلوە یان ئەو شوێنەی بەرهەمەکەی تێدا ساغ دەکرێتەوە، لە هەمانکاتدا هەندێک هەنگاوی هونەری هەیە کە دەبێت بایەخی پێبدرێت وەک جیاکردنەوە و ڕیزبەندیکردن و لە کارتۆن دانان و هەڵگرتنی لە کۆگای ساردکەرەوە و گواستنەوە و فرۆشتن لە بازاڕی کۆ تا دەگاتە دەستی کڕیار کۆتایی دێت کە دەبێت لە ڕووی شێوە و کێش وتام و کاتی گونجاو بە ویستی بەکاربەر بێت.

کاتی رنینی و لێکردنەوەی بەرهەم چەند فاکتەرێک کاریگەری لەسەر دەکات وەک دەرکەوتنی نیشانەکانی پێگەیشتن و حەز و ئارەزووی بەکاربەر لە ڕووی قەبارە و ڕەنگ و پلەی پێگەیشتن و شێوەی رنین ئایا بە ئامێرە یان بە دەست و نرخ و ماوە لە نێوەن بنکەی بەرهەمهێنان و بازاڕ، هەروەها جۆری ئەو نایلۆن یان قەفەسەی یان کارتۆنەی بەکار هاتووە و ئامرازەکانی گواستنەوە. لە کۆتایدا دەڵێین باشتر وایە کرداری رنین بەیانیان زوو ئەنجام بدرێت و بە زووترین کات بگوازرێتەوە بازاڕەکان بۆ ئەوەی پلەی گەرمی کاریگەری لێ نەکات.

تاچەند هۆڵە وەرزشییەکان پابەندی ڕێنماییەکانی تەندروستین؟





ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا تەواوی چالاکییە وەرزشییەکانی لەسەرانسەری جیهان وەستاند و ئێستا خەریکە نیوەندەکانی ئەم بواڕە دەست بە چالاکییەکانی بکەنەوە، بەڵام زۆر جیاواز لە ڕابردوو، ئەویش بەپەیرەوکردنی چەندین مەرجی خۆپارێزی، لەهەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە دەست بەچالاکییەکان کراوەتەوە، یەکێ لەو دەزگایانەش هۆڵەکانی وەرزشە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد، کە باس لە بارودۆخی ئەمڕۆی هۆڵە وەرزشییەکان دەکەن.

هاژە کامەران: لەبەر بەریەککەوتن وازمان لە ئەنجامدانی چەند یارییەک هێناوە

ڕێنماییەکتان پەیرەو کرد لەبەر خۆپاریزی لە هۆڵەکان گوتی: لە سەرەتا ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە وەرزش کردن هەمووکات پێویستی بە خۆپارێزی و پاک و خاوێنی هەیە، چونکە لەکاتی وەرزش کردندا لەش کۆمەڵێک ئاو وخوێ و ژەهرەکان دەکاتە دەرەوە، بۆیە ئێمە لەکاتی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش کۆمەڵێک ڕێنمای تەندروستیمان گرتەبەر بۆ پاراستن و سەلامەتی هەموو لایەک وەک: نەهێنانە ژوورەوەی پێلاوی دەرەوە بۆ ناو هۆڵ، تەعقیم کردنی یاریزانان بەرلەهاتنیان بۆ ناو هۆڵ، هەروەها لە کاتی یاری کردندا پێویستە یاریزانان دەمامک و دەستکێش و خاولی سەفەری تایبەت بەخۆیان بەکار بێنن، ڕێژانە هۆڵەکە (٥تا٦) جارتەعقیم دەکەر، ڕێگری کردن لە کۆبوونەوەی یاریزانان نزیک بوونەوەیان لەیەکتر.

ڕەچاوی بارودۆخی خەڵکمان کردووە

دواتر ئەو ڕاهێنەرە سەبارەت بە نرخەکانیش لەم بارودۆخەدا گوتی: بەڵێ بە دڵنیاییەوە بە لەبەرچاو گرتنی بارو دۆخی یاریزانان و دواکەوتنی مووچە و بێکاری، هەستاین بە دابەزاندنی نرخ بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتیدانی کۆمەڵێک یاریزانان لەرووی دوورخستنە وەی کاتی پارەدانیان، هەروەها بۆ پرسیاری ئایا ڕاهێنانەکان هەمان ئەو ڕاهێنانەن کە پێشتر بەر لەهاتنی کۆرۆنا پێشکەشتان دەکرد یاخوود ئالوگۆڕی پێکراوە؟ گوتی: بەشێوەیەکی سەرەکی هەمان ئەو ڕاهێنانەنی کە پێشتر یاریزانان هەیان بوو، بەڵام چەند ڕێنمایەکیمان پێداون، سەبارەت کە کێشی زۆر بەکار نەهێنن تا پێویستیان بە هاوکاری کەسێکی تر نەبێت، وە زۆربەی یاریزانانمان ئاگادار کردۆتەوە کەمترین (cardio) ئەنجام بدەن وەک (ڕاکردن، پاسکیل، مەلەکردن، پەیکەنێن)، ئەمانە بە شێوەیەکی باش بەرگری بە هێزدەکات وە ڕێنمایان پێداون کە ئەو خۆراکانە نەخۆن کە بەرگری لەش دادەبەزێنی وەک شەکر، مادەدەی کهولی،خواردنەوەی گازی.

یاریيە کۆمەڵییەکان ئەنجام نادەین

لەلایەکی دیکەوە خاتوو هاژە کامەران ڕاهێنەری لەشجوانی لەبارەی کردنەوەی ئەم هۆڵانە لەم بارودۆخەدا گوتی: دوای کەرەنتینە کە هۆڵەکانی جێم کرایەوە، خەڵکیکی زۆر ڕووی لە هۆڵەکان کرد، بەڵام دوای ئەوە وەزع خراپ بوو ڕێژەی هاتنی خەڵک کەم بۆوە، هەروەها لەبارەی ئەوەی ئایا ئێوە چ ڕێنماییەکتان پەیرەو کرد لەبەر خۆپاریزی لە هۆڵەکان؟ گوتی: بێگومان هەموو ڕێنماییەکانمان پەیرەو کردووە و هیچ کەسێک بێ دەسکێش و دەمامک و خاولی نەدەبوایە بێتە ناو هۆڵ، هەروەها دەبیت دوور لەیەک یاری و ڕاهێنان بکەن، یاریزانەکان ئەگەر وانەبوایە ئێمە وەکو ڕاهێنەر ئاگادارمان ئەکردنەوە. هەروەها باسی لەوەش کرد ئایا ڕاهێنانەکان هەمان ئەو ڕاهێنانەن کە پێشتر بەر لەهاتنی کۆرۆنا پێشکەشتان دەکرد یاخوود ئالوگۆڕی پێکراوە؟ گوتی: ڕاهێنەرەنەکان وەکو پێشتر بوون بەتایبەت یاری ئاسن بەڵام وەکو زومبا ئیرۆبیک نەمان ئەکرد، چونکە ئەوە یارییەکی کۆمەڵییە ؟کۆدەبنەوە، بۆیە لەم کاتەدا ریگا پیدراو نییە و ئەنجام نادرێت.

دەشتی جەمال: هەموو ڕێکارەکانی خۆپارێزیمان پەیڕەوکردووە



گاتۆزۆ هەڕەشە لە بەرشلۆنە دەکات

جینارۆ گاتۆزۆی ڕاهێنەری یانەی ناپۆلی ئیتالی ڕایگەیاند کە ئەرکی یانەکەی بە بەدەستهێنانی جامی ئیتاڵیا کۆتایی نایەت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا یانەی بەرشلۆنە بکاتە دەرەوە، کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو یارییەکەیان لە ناو یاریگای کامپ نو بەڕێوەبچێت. گاتۆزۆ هەڕەشە لەبەرشلۆنە دەکات و دەڵێت: ئاستی یانەی ناپۆلی زۆر پێشکەوتووتر بووە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو، بۆیە پێموایە باشتریش دەبین و دەتوانین بڵێین زۆر بەباشی خۆمان بۆ یاریيەکەی بەرشلۆنە ئامادەکردووە و هەموو هەوڵێکیشمان کردنە دەرەوەی بەرشلۆنەیە لە ناو یاریگای خۆیان.



نەیمار: لە چامپیۆنس لیگدا مێژوو دروست دەکەم

نەیمار داسیلڤای بەرازیلی، ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، باسی ماوەی کەرەنتینەی خۆی لە بەرازیل، بە هۆی قایرۆسی کۆرۆناوە کرد. نەیمار، لەپۆستێکیدا لە مالپەڕە فەرمییەکەی خۆی وتی: ماوەیەکی نا ئاسایی بوو، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە، بە سەلامەتی بێنیتەوە و پارێزگاریی لە سەقامگیری هزر و جەستەت بکەیت. هەروەها وتی: من ئامادە و بەپەرۆشی گەڕانەوەم. بە دڵنیاییەوە زۆر بیر لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکەینەوە، کۆمەڵێک یاریزانی زۆر باشمان هەیە، بەهۆی بەهێزی و لە خۆ بردوویەوە بۆ قۆناغی داهاتوو سەرکەوتین. گوتیشی: بیری کەش و هەوای یارییەکان دەکەم، زۆر بەپەرۆشی ئەوەم، جارێکی دیکە بچمەوە نێو یاریگەوە، ئەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، مێژوو دروست دەکەم.

نەیمار لە کۆتاییدا گوتی: پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوڕێیان و کاری ڕاستەوخۆ لە گەڵ هونەرمەندان، بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانیی شتێکی خۆش بوو، بەڵام کارکردن و هاوکاریکردنیش گرنگە. خەڵکی لە زۆر شوێن پێویستیان بە هاوکاریيە، بۆ زۆر گرنگە بتوانین یارمەتیان بدەین.

ڕەمزی میرەکانی



یانەی ئەهلی داوایەکی سەیر لە ریال و بایرن دەکات

بەرپرسانی یانەی ئەهلی میسری نامەیەکیان ئاراستەی هەریەک لەیانەکانی ریال مەردید و بایرن میونشن کردووە بەئاراستەکردنی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی ئەوان لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ یەکە مەشقییەکان بۆ خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پەیڕەویان کردووە.

ڕۆژنامەکانی میسر بڵاویان کردەوە کە یانەی ئەهلی دەیەوێت سوود لەو ئەزموونەی ئەو دوو یانە ئەوروپیە وەرگرێت بۆ خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ، کە بەنیازن هەفتەی داهاتوو ئەوانیش بگەڕێنەوە ناو ڕاهێنانەکانیانەوە، هەربۆیە بەرسرانی یانە میسرییەکە نوسراوێکیان ئاراستەی ئەو دوو یانە ئیسپانی و ئەڵمانیە کردووە کە هاوکاریان بکەن لەم بارودۆخەدا.

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.23. Jun. 2020 No: (5959)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

هونەرمەند عەتا چاوشین بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد



بەهەم شێخ عزەدین-سلێمانی

هونەرمەندی بەئەزموون و دەنگ زوڵاڵ عەتا چاوشین دوای ئەوەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو ماوەی چەند ڕۆژێک لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشک بوو ڕۆژی دووشەمە لەنەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی کۆچی دوای کرد،جێی ئاماژەیە هونەرمەندی کۆچکردوو یەکێکە بوو لەهونەرمەندە بەئەزموونە دەنگ زوڵاڵەکانی کوردستان و لەسالانی هەشاتاکانەوە لەبواری هونەری گۆرانی کوردی کاری کردووە و خاوەنی سەدان بەرهەمی ڕەسەنی کوردی و گۆرانی پڕ جۆش و خرۆشە ،هونەرمەندان بۆکۆچی هونەرمەند دەڵێن: بەکۆچی عەتا چاوشین هونەری کوردستان زیانێکی گەورەی پێگەیشت و بەئاسانی ئەوکەلێنە پڕ نابێتەوە، (بورهان محەمەد) هونەرمەند و هاوڕێی عەتا چاوشین، لەوانّی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی:عەتا چاوشین مۆڵکی هەموان بوو هەمو هونەرمەندان نیگەرانن وئەم کۆستە گەورەیە وامان لێ دەکات هەمومان پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بین و خۆمان بپارێزین توندو تۆڵتر بکەینەوە.

چەک نۆریس، هاوڕێیەکی نزیکی بروسلی هۆکاری مردنی ئاشکرا دەکات

هەمزە سەرحان: چەک نۆریس کە یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی بروس لی، هۆکاری مردنی ئەو ئەکتەر و وەرزشەوانە ئاشکرادەکات، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ و لە ناکاو لە تەمەنی 33 ساڵیدا و لە هۆنگ کۆنگ لە ساڵی 1973 کۆچی دوایی کرد. نۆریس لە بارەی مردنی ئەو یاریزان و ئەکتەرەوە رایگەیاند، "زۆر کەس دەڵێت کە هۆکاری مردنی بروس لی، بەشێوەیەکی پیلان بۆ داڕێژراو بووە و هەوڵی لە ناوبردنیانداوە، یان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە تلیاکی زۆری کێشاوە، یان لە ڕێگەی دەرزیەوە کوشتویانە... گوتیشی، "ڕاستی ئەو ڕوداوە ئەوەیە کە من بۆتان باسدەکەم، کاتێک بروس لی لە لۆس ئەنجلس بوو لەگەڵ کەریم عەبدول جەبار، کە یاریزانی باسکە بوو لەگەڵ ئەوەش یەکێک بووە لە خوێندکارەکانی، سەرقاڵی ڕاهێنان بوون و بروس لی هەوڵی داوە کە ئاسنی زۆر بەرز بکاتەوە، بەوەش ئەو یاریزانە ماسولکەیەکی پشتی ئازاری پێگەیشتووە لەگەڵ بەشێک لە فەقەرەکانی، دوای سەردانی بۆ نەخۆشخانە، پزیشکەکە پێیوتوە تۆ دوچاری پێکانێکی سەخت بویت و زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بتوانیت وەک مرۆڤێکی ئاسایی بە ڕێگەدا بڕۆیت....چەک نۆریس دەشڵێت، "بەهۆی ئەوەی بڕوسلی کەسێکی تایبەت بوو، دوای تەنها مانگێک لەسەر پێی خۆی وەستایەوە و وەک جاران دەستی بە جولّە کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ماسولکەیەی پشتی بە تەواوی چاکنەببووەوە بەردەوام هەستی بە ئازار دەکرد، بۆیە هەمیشە حەبی دەخوارد بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکەی.....نۆریس لە گێڕانەوەی ڕوداوەکە بەردەوامبوو و گوتی، "جارێک بروس گەڕایەوە بۆ هۆنگ کۆنگ بۆ ئەوەی فیلمیک بەرهەمبهێنێت لەگەڵ وارن بێتی، کە یەکێک بو لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی ئەو کاتی هۆڵیوود لەگەڵ خانمێک بە ناوی تینگ کە ئەویش ئەکتەر بووە، لە کاتی گفتوگۆکردن لە بارەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە بروس لی سەری زۆر دێشێت و ئەو خانمە ئەکتەرەش حەپێکی سەر ئێشەی پێدەدات، بەڵام پێشتر بروس لی حەپی ئازاری پشتی خواردبوو، دواتر حەپی ژانە سەرەکەی خواردوە لەگەڵ کەمێک لە خواردنەوە کحولییەکان، ئیتر ئەو سێ ماددەیە لە جەستەیە تێکەڵ بوون و بەهۆی ئەو دوو حەپەوە کاردانەوەی نیگەتیڤ لە جەستەیدا دروست بووە، بەهۆشییەوە توشی جەڵتەی مێشک بووە و پاشان کۆچی دوایی کرد.



ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:


ڤایرۆسەکە بە بەربەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەربەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:

جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.

نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلّی تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەربەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:

- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکولّێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەوركردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

چارەسەرییە پزیشکییەکان

ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.

ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

هونەرمەند ئامینا عەبدولقادر:

لە کوردستان هونەر نەبۆتە سەرچاوەی ژیان بۆ هونەرمەندان، بەڵام من هەوڵدەدەم بیکەم بەسەرچاوەیەک بۆ ژیان

دیمانە: موسلیم دزڵەمەری

هونەرمەندان وەک ناسنامەی گەلانن بۆ ناساندنی نەتەوەو نیشتمانیان هەمیشە هەوڵدەدەن لەڕێگای هونەرەکەیانەوە بین بەسمبۆلی گەل وخاکیان وبەڵام گرنگ ئەوەیە کەهەر نەتەوەیک سەنگ و نرخی هونەرمەندان و هونەری نەتەوەکەیان بزانن وهەمیشە پاڵپشتی هونەرمەندانیان بن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بێنە نێوکۆمەڵگاو وەک سەربازێکی ون لەنێوخەیاڵ و هونەرەکەیان نەژین وهونەرمەندی لاو ئامینا عبدالقادرئەویش خاوەن هونەرێکی جوانی شێوەکاریەو سەبارەت بە هونەری شێوەکاری لەچەند پرسیارێکدا بەم شێوەیە بۆ (خەبات) دواو گوتی:



سەرەتا گوتی: من ئامینا عەبدولقادر دانیشتووی پارێزگای دهۆکم دەرچووی پەیمانگای هونەرجوانەکانی دهۆکم و بەردەوامم لە کاری هونەریم کە هونەری شێوەکاریە.

سەبارەت بەجۆری شێوەکاری و بەکارهێنانی ڕەنگەکانی گوتی:

من ، بەچەند جۆری ڕەنگی شێوەکاری کار دەکەم لەوانە ڕەنگی ئاوی و زەیتی واکریلیک .... هتد وە هەروەها سەبارەت بەجۆری تابلۆکانم من هەوڵدەدەم تابلۆکانم گشتگیربن بۆ ئەوەی هەروەها لە بەرنامەمدایە کەوا بکەم هونەر ببێتە حەزی خەڵک و زیاتری خەڵکی خۆم بۆ هونەری شێوەکاری رابکێشم و بتوانم وابکەم کە هونەری هونەرمەندانمان ببێتە میوانی گشت ماڵێک کە لەجیاتی تابلۆیەکی بیانی بتوانین تابلۆیەکی جوانی هونەرمەندانی خۆمان لەماڵەکانمان هەڵبواسین.

هیوادارم بتوانم بە هونەری خۆم و تابلۆ شوشەیەکانم خزمەتێک بەهاوڵاتیانم و هونەری کوردی خۆمان بکەم و هەروەها هیوادارم کەلایەنی پەیوەندار هاوکاری هونەرمەندان بکەن بۆ ئەوەی ئێمەی هونەرمەندان بتوانین زیاتر پەرە بە کارەکانمان بدەین و زیاتر حەزو هونەرەکەمان بخەینە کار.





بەیان عەلی:

هونەر وەک ئاو خۆراک بۆ مرۆڤ پێویستە

هونەرمەند بەیان عەلی لەدایکبووی ساڵی (1970) لەسلێمانی لەگەرەکی سەرشەقامە. دەرچووی پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانە لە ساڵی(1992) تەواوکردووە. تائێستا بەردەوامە لەکاری هونەری و خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچی وەرگرتووە لەساڵی (1994) لەهەولێر، لەشانۆیی فەرهاد و ئەزمونێکی نوێ ئەو کارە شانۆییانەی کاری تیاکردووە. حەمەدۆک ،تەم تومان،گۆرستانێکی نوێ ،کوێخا ،ئەفسانەی ئەوین .. پلانی پیرەکان. هەروەها لەکۆمەڵێ فلمیش بەشداریکردووە ، وەک : شیرن و فەرهاد ،نامۆ ،گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم درامای تیڤی ،خۆرنەوەزان ،خەمی چۆلەکاکان ،گەردەلول ،دوا یرپاری یەعقوب، منالەکانمان ،یاساکانی ژیان.

هەروەها باس لەهونەردەکات و دەڵێت:هونەر بەهرەیە، زمانێکی جیاوازە ڕێگابە خود ئەدات بۆئەوەی گوزارشت لەخۆی بکات، پێویستیەکە لەپێویستیەکانی ژیان وەکو ئاو خۆراک بۆمرۆڤ پێویستە. هونەر جوانی و پاکی ڕۆحە. هەروەها باسی درامای کوردیشی کرد گوتی:لەبەر ئەوە بینەری درامای کوردی کەم بۆتەوە و لەبەر زاڵبوونی دراما تورکیەکان و بینیەکان لەتیڤیەکاندا نەبوون و بێ هێزی زۆربەی دراما کوردییەکان کاریگەری هەبووە. هەروەها باسی گەرانەوەی بینەری درامای کوردی دەکات و دەڵێت:دەبێت لە تێکستەوە دەست پێ بکرێ و تێکستەکان باس لەواقع و ژیانی خەڵک بکات. بینەر هەرتاکێک کەسەیری دراما یا شانۆیەکی کرد خۆی تیا ببینێتەوە لەگەڵ رووداوەکان بژی